کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ۴۳۷-نیوەی یەکەمی خەزەڵوەر۱۴۰۲-نوامبر ۲۰۲۳

# ساڵوەگەڕی شۆڕشی کرێکاریی ۱۹۱۷ی ڕووسیه



**تێکهەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل** لاپەڕەی۳

**کوشتار و پاکتاوی نەتەوەیی خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئاپارتایدی ئیسرائیلەوە دبێت کۆتایی پێبێت** لاپەڕەی۴

**ڕۆژی خوێندکار، بە ڕەوایەتی شۆڕش و دژە شۆڕش** لاپەڕەی۷



**کوشتاری دڕندانەی خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، تەنیا بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی جیهانی کۆتایی پێ دەهێنرێت**

لاپەڕەی ٦



**کۆتایی هێنان بە پارێزبەندی ئەنجامدەرانی جینایەت لە دژی ڕۆژنامەنوسان**

لاپەڕەی ١٠

## سەروتار

### وتەیەک بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی کرێکاریی ۱۹۱۷ی ڕووسیه

ڕۆژی سێ شەممە ۷ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١٦ی مانگی خەزەڵوەر، ساڵەوەگەڕی شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیه بوو. ١٠٦ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، لە حاڵێکدا کە شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە لایەن هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕەقیب، لەسەر نوێ کردنەوەی دابەشکاریی جیهان هەڵگیرسابوو و مرۆڤایەتیی لەگەڵ بەربەریەتێکی تازە بەرەوڕوو کردبۆوە، چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە ڕووسیه بە ڕێبەریی و ڕێکخەریی حیزبی بۆلشویك، لە درێژەی دوو دەیە خەباتی سەخت و خوێناویدا، نە تەنیا دیکتاتۆریی تێزار، بەڵکوو دەزگای دەوڵەتی و سیاسی سەرمایەداریی زاڵیان ڕووخاند و دەسەڵاتی کرێکاران و هەژاران و چەوساوەکانیان لە ڕووسیه جێگیر کرد. شۆڕشی ڕووسیه لە دوو قۆناغدا بە سەرەنجام گەیشت. سەرەتا لە مانگی فێوریەی ۱۹۱۷ پاش کۆمەڵێك مانگرتن، خۆپیشاندان و تێکهەڵچوون، نیکۆلای دووهەم، دوایین تێزاری ڕووسیه لەسەر کار لاچوو و دەوڵەتێکی کاتی لە ژێر چاوەدێریی گێئۆرکی

درێژە لە لاپەڕەی ۲

**کورتەیەک سەبارەت بە ڕۆڵی ئیدئۆلۆژی لە سیاسەتدا**

لاپەڕەی ۸

**کرێکاران پێشەنگی بزووتنەوەی دژ بە شەڕ**

لاپەڕەی ۹

**پەرەسەندنی ڕەنج و نەهامەتی ئەفغانییەکان لە ئێران و پاکستان**

لاپەڕەی ١٠

## درێژەی سەروتار

# وتەیەک بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی کرێکاریی ١٩١٧ی ڕووسیە

شۆڕشی ڕووسیە لە دوو قۆناغدا بە سەرەنجام گەیشت. سەرەتا لە مانگی فێوریەی ١٩١٧ پاش کۆمەڵێك مانگرتن، خۆپیشاندان و تێکهەڵچوون، نیکۆلای دووهەم، دوایین تێزاری ڕووسیە لەسەر کار لاچوو و دەوڵەتێکی کاتی لە ژێر چاوەدێریی گێئۆرکی لووف و ئەلێکساندر کێرنێسکی پێکهات. زۆربەی ئەندامانی دەوڵەتی کاتی، سەر بە لایەنی مۆنشویکی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی کرێکاریی ڕووسیە بوون. بەڵام ئەم دەسەڵاتە کاتییە نەیتوانی تاکە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕووسیەدا زاڵ بکات. لە ئاکامدا هاوسەنگییەکی هێزی دوو لایەنە بەسەر کۆمەڵگای ڕووسەدا زاڵ بوو. دەوڵەتی کاتی لەسەرەوە حکوومەتی دەکرد و شۆڕاکانیش بەڕێوەبەریی کۆمەڵگایان لە خوارەوە بەدەستەوە گرتبوو. لە مانگی ئاوریلی هەمان ساڵدا "وێلادیمیر لێنین" ڕێبەری حیزبی بۆلشویك کە پێشتر دووخرابۆوە، گەڕایەوە بۆ ڕووسیە. بۆلشویکەکان بە ڕێبەریی لێنین، گەلێك درووشمی وەك "ئاشتیی خێرا، هەموو دەسەڵات بکەوێتە دەست شۆڕاکان، کۆنترۆڵی کرێکاریی کارخانەکان"یان هێنایە گۆڕێ و ڕایانگەیاند کە "زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات". دەوڵەتی کاتی دژبەم درووشمانە بوو. بەڵام ئەم درووشمانە بەرەبەرە گشتگیر بوون. شارەکانی سەن پێتێرزبۆرگ و مۆسکۆ، ببوونە ناوەندی گەرمی شۆڕش و هاوکات لە گوندەکانیش زەوی لە کۆنترۆڵی زەمینداره گەورەکان هاتبووە دەرێ و وەرزێران زەوییەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. بەمجۆرە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شۆڕشێکی دیکە و زەوتکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکار، بە ڕێبەریی حیزبی بۆلشویك، دابین کرا. لێنین پاش گەڕانەوەی لە تەبعید، دەستبەجێ، پلاتفۆرمی حیزبی بۆلشویکی بۆ قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ڕووسیە، کە متمانەپێکراوترین بەڵگەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەیە لە سەدەی ٢٠دا، لەژێر ناوی "تێزەکانی ئاوریل" بڵاو کردەوە



ڕۆژی ٦ی نوامبر و لە سەروبەندی دەستپێکی کۆنگرەی دووهەمی شۆڕاکاندا، بە پێشنیاری لێنین، ڕاپەڕینی کرێکاران و سەربازانی هێزی دەریایی بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی کاتی و پێدانی گشت دەسەڵات بە شۆڕاکان، دەستیپێکرد. لە وڵام بەم بانگەوازەی حیزبی بۆلشویك بۆ ڕاپەڕین، ئیدارە دەوڵەتییەکان و کۆشکی زستانیی، شوێنی نیشتەجێ بوونی دەوڵەتی کاتی، گەمارۆ دران. ڕۆژی دواتر واتە ٧ی نوامبر، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، هەم کۆشکی زستانی و هەم دەوڵەتی کاتی ڕووخان و کرنێسکی هەڵات. هەر ئەو شەوە گۆنگرەی دووهەمی شۆڕاکان بەڕێوەچوو کە پتر لە ٤٠٠ نوێنەر تێیدا بەشدار بوون. کاتژمێر ١٠ی بەیانی، پەیامی کۆنگرە ڕوو بە هاوولاتییانی ڕووسیە بڵاوکرایەوە. لە پەیامەکەدا هاتبوو: "دەوڵەتی کاتی ڕووخا. شۆڕاکان دەسەڵاتی دەوڵتییان بەدەستەوە گرتووە. بژی شۆڕشی کرێکاران، سەربازان و وەرزێران". ڕۆژی ٧ی مانگی نوامبری ساڵی ١٩١٧ (بە ڕۆژمێری ڕووسی ٢٥ی ئۆکتۆبر)، وەك ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیە، لە مێژوودا تۆمار کرا. واتە شۆڕشێك کە ڕوودان و گۆڕانکاریەکانی دواتری، مەسیری مێژووی سەدەی بیستەمی دیاری کرد. شۆڕشی ئۆکتۆبر، شۆڕشی بەرەی چەوساوەکان دژ بە نیزامی کۆیلەتیی سەمایەداری، شۆڕشی بەشێك لە چینی کرێکاری جیهانی بوو کە چەرخەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدەستی بەتوانای ئەو هەڵدەسووڕا، و لە هەمان حاڵدا هەموو میحنەت و ئازارەکان لەسەر شانی ئەوان قورسایی دەکرد شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیە بۆ دووهەمین جار لە مێژوودا و پاش کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١، وەك یەکەمین شۆڕشی کرێکاری بە درووشمی "هەموو دەسەڵات بکەوێتە دەست شۆڕاکان" چینی کرێکاری ئەم وڵاتەی بردە ناو جەرگەی دەسەڵاتی سیاسییەوە. دەسەڵاتی شۆڕاکان دەستبەجێ خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر زەویەکاندا هەڵوەشاندەوە و زەویی مالیك و دەوڵەت و کلیسای کرد بە مڵکی گشتی و ختییە ئیختیار هەموو زەحمەتکێشانەوە. دەسەڵاتی شۆڕایی کرێکاران، دەستبەجێ، بەرابەریی تەواوی مافی ژن و پیاوی لە هەموو بوارەکانی وەك ئابووری، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی بەیاسا دەرهێنا و ئایینی بەتەواویی لە دەوڵەت جیا کردەوە و دەستی کلیسای لە کاروباری دەوڵەتی و لەوانە لە پەروەردە و بارهێنان دا، بەیەکجاری کورت کردەوە. شۆڕشی کرێکاری ڕووسیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی لەم وڵاتەدا وەدی هێنا ئەم شۆڕشە زەربەیەکی جیدیی لە نیزامی جیهانیی سەرمایەداری دا و لە لایەکەوە ڕق و نەفرەتی گشت سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان و دوژمنانەترین کاردانەی ئەوانی لێکەوتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، شەپۆلی بەتەوژمی عەداڵەت و ئازادیخوازیی، لە سەرتاسەری گۆی زەوی، وەڕێخست. کاریگەریەکانی شۆڕشی کرێکاریی ١٩١٧ی ڕووسیە لە جیهاندا بەڕادەیەک بوو کە بورژوازیی ڕۆژئاوا لە ترسی دووپات بوونەوەی ئەم شۆڕشە، دەستیدایە ڕێفۆرم گەلێکی وەك مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەمووان بەتایبەت بۆ ژنان، بێبەرامبەر ڕاگەیاندنی پەروەردە و بارهێنان بۆ گشت منداڵان، پەسند کردنی مافی بیمە و خانەنشینی بۆ بەساڵاچوان و هێنانە خوارەوەی سەعاتی کار بۆ ٨ سەعات. شۆڕشی کرێکاری ڕووسیە کاریگەریی مەزنی لەسەر خەباتی ڕزگاری بەخشی جەماوەری ستەملێکراو دانا و خۆی بەڵگەیەکی زیندوو بوو لەوەیکە بەرژەوەندی چینی کرێکار، لە مانەوەی هیچ جۆرە ستەم و نابەرابەریەکدا نییە و پەیگیرترین پێشڕەوی ڕێگای ڕزگارییە دژ بە گشت ستەم و نابەرابەرییەکان. لە ساڵی ١٩٢٢دا یەکییەتیی سۆڤیەت، لە پێکەوە پەیوەست بوونی خۆبەخشانەی نەتەوە غەیرە ڕووسەکان پێکهات. بێگومان، بەهۆی ئەم دەستکەوتانەوەیە کە سەرجەم ئەو مێژوونووسانەی کە ویژدان و قەڵەمی خۆیان بە نیزامی سەرمایەداری نەفرۆشتووە، دان بەوەدا دەنێن کە شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیە، گەورەترین خاڵی وەرچەرخانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بووە. هیچ گۆشەیەك لەم جیهانەدا نییە کە بەجۆرێك ئەم ڕووداوە مەزنە کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کاریگەریی لەسەر دانەنابێ حکوومەتی کرێکاریی ڕووسیە، بە هیمەتی ملیۆنان مرۆڤ کە تا دوێنێ سووکایەتییان پێدەکرا و مافەکانیان پێشێل دەکرا و وەك کۆیلەی سەرمایە کاریان پێ دەکرا، هیوای ڕزگاریی لەناو دڵی سەدان ملیۆن کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی سەرتاسەری جیهان، زیندوو کردبۆوە. ئەم سەرکەوتنە سەرەتاییە، کە سۆسیالیسمی زانستی، چرای ڕێنمای بوو، بە فیداکاریی و گیانبازییەکی بێ وێنە لە مێژوودا، مسۆگەر بوو. بەدەر لەوەیکە حکوومەتی کرێکاری لە قۆناغەکانی دواتردا تووشی چ چارەنووسێك بوو، تەنانەت هەر لەو ئاستەشدا خۆی خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەم سەرکەوتن و هەم پرۆسەی شکستی سۆڕشی کرێکاری لە ڕووسیە، هەڵگری گەلێك دەرس و ئەزموونی بەنرخە کە دەتوانێ ڕێگای خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کرێکاران لە ئێران و جیهان، لە هەموو بوارەکاندا دژبە بەربەریەتی زاڵ بەسەر مرۆڤایەتی ئەمڕۆدا، خۆش بکات و بە پشت بەستن بە هێزی وشیار و ڕێکخراو، ڕێگای گەیتشن بە سۆسیالیسم، نزیکتر بکاتەوە ئەمڕۆ سەرمایە کەوتووەتە ناو قەیرانێکی قووڵی پێکهاتەیی و حکوومەتە ئیمپریالیستی و سەرمایەدارییە گەورەکان لە دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ململانێیەکی خوێناویدان. بەرهەمی ئەم ململانێیە، بریتییە لە شەڕی ئۆکراین و فەلەستین، وێرانبوونی هرچی زیاتری ژینگە، پەرەسەندنی نایەکسانی قووڵی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی ژمارەی برسییەکانی جیهان، منداڵانی کار، قەرزی سەدان تریلیۆنی و گەلێک بەڵا و نەهامەتی دیکە. سیستەمی سەرمایەی جیهانی گەیاندووەتە لێواری هەڵدێر. لە جیهانێکی لەم شێوەیەدا، شۆڕشێکی سۆسیالیستی پێویستە بۆ ئەوەی لە وانە بەنرخەکانی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر ئەزموون وەربگرین. زەمینەی بابەتیی بۆ شۆڕشێکی لەو شێوەیە ئامادەیە و هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەش بۆ خۆشکردنی هەلومەرجی زێهنی لە ئارادایە

***

# تێکهەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل - حەسەن ڕەحمانپەناه

**تێبینی: ئەم بابەتە بەشی دووهەم و کۆتایی کۆکراوەی وتەکانی هاوڕێ «حەسەن ڕەحمانپەناه »یە لە ژووری کلابهاوسی ڕاوێژ**

پێشتر بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەن یەهوودییە توندڕەوەکانەوە باسکرا بوو و وتیان کە یەهوودییەکان ڕێگایەکیان نییە جگە لەوەی کە دەوڵتیان ببێت. بەڵام ئەو کەسەی لە ڕاستیدا ستارتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لێدا، وەزیری دەرەوی بریتانیا بوو کە لە بەیانییەیەکی زۆر کورتدا باسی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل کرد. ئەو لەو بەیانییەیەدا ئەڵێت کە ئەبێت یەهوودییەکان لە ئەورووپا ببەینە دەرەوە و شوێنێکی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێت. هەرچەند پێش لەمە قسە لە سەر ئەوە کرا بوو کە یەهوودییەکان دەوڵەتێکیان لە ئافریقا بۆ دروست بکرێت، بەڵام دواتر جوولەکە پاوانخوازەکان دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕەگەز پەرەستی ئیسرائیلی لەسەر سەرزەمینی فەلەستینیەکان دەست پێ دەکەن. «بن گۆریۆن و وایزرمەن» دوو کەس لە دامەرزێنەرانی سەرەکی ئیسرائیل لە دەیەی چلدا بوون کە بەیانییەی دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلیان هاوکات لەگەڵ ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ دەرکرد. بەیانییەی دروست بوونی ئیسرائیل و ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ بوون بە دوو برین لە سەر جەستەی فەلستین و کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە ئەومان پێ نیشان ئەدات کە ئەم خەڵکە لە ڕاستیدا قوربانی دەستی هێزە ئیمپریالیستیەکان و لەسەرەوی هەموویانەوە بەریتانیان. ئیسرائیل لە کاتی درووس بوونیدا تەنیا ١٠٪ ی خاکی فەلەستینی بەدەستەوە بوو، بەڵام لە درێژەی شەڕ لەگەڵ فەلەستینییەکان و عەرەبەکان زۆرتر لە ٧٠٪ی ئەو خاکەیان داگیر کرد. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵەکانی ١٩٤٧-٤٨ ـدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دوو دەوڵەت بۆ فەلەستینییەکان و ئیسرائیلیەکان دروست بکەن بەڵام تا ئێستا ئەم چارەسەرە بە ئەنجام نەگەیشتووە. لەیەکەم ڕۆژەکانی دامەرزاندنی ئەم دەوڵتەدا ئێمە شاهێدی شەڕێکین کە لەنێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٩ـدا بزووتنەوەی میللی فەلەستین بەسەرۆکایەتی «یاسر عەرەفات» دادەمەرزێت.

ئەمە لەو ڕێکخراوانەیە کە دواتر ڕێکخراوی ئازادیخواز و ڕێکخراوی چەپ و پێشکەوتنخوازی لێ دروست دەبێت و بزووتنەوەی فەلەستین یەکێک لەو بزووتنەوانەیە کە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوونیادا دوای «کوبا» هاوکاری و هاوسەنگییەکی گشتی بۆ لای خۆی ڕائەکێشێت. زۆر کەس لە کوردستان و ئێراندا لە دەیەی ٤٠، چوونەتە فەلەستین و پێوەست بوون بەو خەباتەوە. بزووتنەوەی فەلەستین لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەو بزووتنەوەی کە ئێستا هەیە جیاوازی زۆرە. بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بوو بیرۆکەی ئایینی و ئەو ڕەوتانەی هاوشێوەی دواتر لە نەتیجەی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ کە ناوچەکەدا و لە سەتحی جیهاندا دێتە پێشەوە دەستی باڵا پەیدا دەکەن، ئەگینا تا ساڵەکانی دەیەی ٨٠ی زایینی ئەم ڕەوتانە هیچ جێگا و پێگەیکیان لەناو ڕەوتی بزووتنەوەی فەلەستیندا نییە. بۆیە لەساڵی ١٩٥٩ـدا ئەو سازمان و ڕێکخراوەیە لەسەر دەستی عەرەفات دروست دەبێت، لە ساڵی ١٩٦٤ـدا سازمانی ئازادیبەخشی فەلەستینیان (ساف) هەر لە لایان عەرەفاتەوە و کۆمەڵێ کی تر لە هەڵسووڕاوانی ئەو کات دروستکرا. لە هەمان کاتدا زۆر ڕێکخراوەی چەپ و ئازدیخوازیتریش هەن کە پێش یا پاش «ساف» دروست دەبن. بەڵام دوو شەڕە گەورەیەی کە لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ـدا دەقەومێت، بارودۆخەکە بەجۆرێکیتر دەگۆڕێت. یەکێک لەوانە شەڕی «٦ڕۆژە»ـەیە کە لە نێوان چەند وڵاتی عەرەبی و ئیسڕائیل کرا و لە مەودای ٦ ڕۆژدا بە شکەستی وڵاتە عەرەبیەکان تەواو بوو. هەروەها شەڕی ١٩٧٣ کە دەسپێکی ئەم شەڕە دوایینەی حەماس و ئیسرائیل لە ساڵڕۆژی ئەم شەڕەدا بوو. لە دڵی ئەم شەڕانەدا وردە وردە ئێمە واردی دەورانێکیتر ئەبین. لە ساڵی ١٩٧٤ «عەرەفات» وتارێک لە سازمانی میللەل بە جل و بەرگی سەربازییەوە پێشکەش دەکات و جوملەیەکی بەناوبانگی هەیە کە ئەڵێت:

«من پەیامێکم پێیە، دەستێکم چەکی پێوەیە و دەستێکم چەپە گوڵێک و گوڵێکی زەیتوون؛ داواتان لێ دەکەم مەهێڵن ئەو گوڵە زەیتوونە لەدەستم دابکەوێت.» ئەوە پەیامێکە کە ئەو کات «عەرەفات» لە سازمانی میللەل ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی ئەیلێت. بەڵام بەدوای ئەوەدا یەکەمین حەرەکەتێک کە دەکرێت، بە ڕەسمییەت ناسینی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە لایان «میسر»ـەوە و سەرۆکۆماری «ئەنوەر سادات». لەو سەردەمە کە شەڕی سارد لە ئارادا بوو و بەرەی چەپ بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی «ئیستالین» و شۆڕەوی لە جیهاندا لە پاشەکشەدا بوو و زەرەر و زیانێکی زۆر بەر بزووتنەوی چپ کەوتبوو و لە لایەکیترەوە لە دەیەی ٤٠ بەملاترەوە، لە کۆمەڵێک وڵاتانی عەرەبیدا، کۆمەڵێک لە فەرماندەکان و کۆمەڵێک لە سەران کودەتای نیزامیان کردبوو. ڕژیمە پاشایەتییەکان لە میسر، عێراق، سووریە و لیبی ڕووخا بوون. لە میسردا «جەماڵ عەبدۆلناسر»، لە سووریە «حافز ئەسەد» و لە عێراقدا جەریانی «عەبدۆلکەریم قاسم» و لە لیبیدا «قەزافی» بە دەسەڵات گەیشتن. ئەمە بوو بە هۆی دروست بوونی فەزایەک کە زۆرتر لە ژێر هێژمۆنی ناسیۆنالیسمی عەرەبدا بوو. بەڵام کە تا دەێین بەرەو دەیەی ٨٠ بەملاوە، وردە وردە ئەم هۆکارانە لەگەڵ لاواز بوونی چەپ لە جیهاندا و نەمانی دەوری شۆڕەوی، هێواش هێواش ناسیۆنالیسمی عەرەبیش پاشەکشەی پێ دەکرێت و لەدڵی ئەم بارودۆخەدا ڕەوتی ئیسلامی گەشە دەکات و «کۆماری ئیسلامی ئێران»ـە لە ساڵی ١٩٧٩ وەکوو یەکەم دەوڵەتی بۆنیادگرا بە دەسەڵات دەگات. «کۆماری ئیسلامی» کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر گەشە کردنی بۆنیادگرای ئیسلامی لە ناوچەکە هەیە و کاریگەری لە ڕووداوەکانی فەلەستین وەکوو ئامرازێک بۆ ئەهدافی سیاسی خۆی بەکار دەهێنێت و کاریگەری ئەخاتە سەر ئەو فەزایەی کە لە دژی ئیسرائیلیش دروست دەبێت. کۆماری ئیسلامی، چەکی هەیە، نەوتی هەیە، ئیمکاناتێکی وەسیعی هەیە و مەسەلەی فەلەستین وەکوو ئامرازێک بە دەستەوە دەگرێت. هەر ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بۆنیادگرای ئیسلامی لەوێ گەشە بکات. لە ساڵی ١٩٧٨ـدا یەکێک لە دەوڵەتە سەرکیەکان کە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، لە کەمپ دیوید بڕیارنامەی ئاشتی واژۆ دەکات، ئەویش «ئەنوەر سادات» سەرۆکی «میسر»ـە. ئەمە بۆشاییەک لە دڵی وڵاتانی عەرەبیشدا دروست ئەکات و دەبێ بە هۆی ئەو بۆشاییەی کە دواتر عەوارز و عەواقبێکی زۆری هەیە و ئیتر وەکوو وڵات ناچنە ناو ئەو شەڕەوە کە عێراق، کویت، عەرەبستان و ئۆردۆن تێدا بەشدارن. هەر ئەمە ئەبێتە هۆکارێک کە سازمانی ئازادیبەخشی فەلەستی تەنیا دەمێنێتەوە. پاش ئەو پەیماننامەی ئاشتیە، ئەنوەر سادات لە لایان کەسێکی بۆنیادگەرا بە ناوی «خالید ئیسلامبولی» تێرۆر دەکرێت و کۆماری ئیسلامیش شەقامێک لە تاران بە ناوی ئەو تێرۆریستەوە دەکات. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە ئەو کەسەی کە دەسپێشخەری ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بوو، لەلایان ئیسلامگەرا توندڕەوەکانەوە کوژرا لەساڵی ١٩٩٣ـدا وەختێک کە «پەیماننامەی ئاشتی ئۆسلۆ» لە نێوان «عەرەفات» و «شیمۆن پرێز» و «ئیسحاق ڕابین»ـدا بە ناوەندگیری «ئامریکا» و «کلینتۆن» دەکرێت، دواتر «ڕابین» لە لایان توندڕەوێکی ئایینی جوولەکەوە دەکوژرێت. ئەمە نیشان ئەدات هەردەم لایەنی سوڵح دەکەوێتە بەر پەلاماری هەردوو لایەنی بۆنیادگەرای ئایینی. لایەنی پاوانخواز و بۆنیادگەرا هەردەم پاڵپشتی درێژەی شەڕ بووە و ئێستاش ئەم شەڕە هەر ئەوانن کە ئەنجامی دەدەن. خاڵێکیتر کە بووتە هۆی سەرهەڵدانی جەریانی بۆنیادگەرا لە فەلەستین، سیاسەتەکانی دەوڵتە ئێمپڕیالیستیەکانە لە ناوچەکە، کە هەردەم نەیانهێشتووە نەتەوە بندەستەکان بە مافی خۆیان بگەن و هیچکات ئەم نەتەوانە



لە سەر دەستی ئەوان نەبوون بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ یان ڕزگاری. ئەوەتا لە ئێران هەم لەسەر دەستی ئامریکا و بریتانیا و هەم لە سەر دەستی شۆڕەوی، دەوڵەتی «قازی محەممەد» و دەوڵەتی «جەعفەری پیشەوەری» چیان بەسەر هات. لە دەیەی ٨٠ بەم لاوە جەریاناتی پاوانخواز لە فەلەستین هەردەم دژی ئاشتیخوازی و ڕزگاری نەتەوەی فەلەستین جووڵاونەتەوە. هێندێک لەم جەریانانە هەر لەسەر دەستی ئیسرائیل دروست دەبن. بۆ نموونە ئەگەر چاو لە مێژووی حەماس بکەن ئەبینن، کە «ئەحمەد یاسین» و هاوبیرەکانی لە فەلەستین بە پاڵپشتی ئیسرائیل خەریکی دروستکردنی مەدرەسە، دەرمانگا و ئەنجامی کاری مەدەنییە، بەڵام ئێستا هاوبیرەکانی ئەون کە خەریکن ئەم شەڕانە بەرەو پێش دەبەن. ئەمە بەو واتایەیە کە بۆنیادگەرا توندڕەوەکان لە هەموو شوێنێکی دوونیا خۆیان تەقویەت ئەکەن و پاڵپشتی یەکن. ئەمانە هێز لە یەکتر وەر دەگرن و لەهەمان حاڵیشدا پێویستیان بە یەک هەیە. جەریانی حەماس کە ئێستا لە ئێران نزیک بووەتەوە، لە باری بیروباوەڕەوە «سوننی»ـیە. ئەمە یانی لەگەڵ باوڕی ئێران نایێتەوە و زۆرتر لە ژێر کاریگەری «قەتەر» و «تورکیە»ـدایە. لە باری فیکریەوە لە «ئەخوان المسلمین» نزیکن و بە وتەی خۆیان بە کاری سیاسی باوڕیان هەیە. بەڵام ئەی چی ئەمانی برد بەرەو ئەو شەڕە و کێشەیە؟ لە ڕاستیدا ئەمە خودی ئیسڕائیلیەکانن کە ئەوەیان کرد. ئەوە ئیسڕائیلیەکانن کە شەڕی نێوان حەماس و فەتح و جێبهەی ئازادی دروست دەکەن و دابەشیان دەکات. ئەوە ئەوانن کە ئەو دابەشکاریە لە ناو فەلەستیندا دەکەن، بۆیە لایەنی ئیسرائیلی زۆر زۆر لەسەر ئەوە جەخت دەکاتەوە کە دەوڵەتی فەلەستین بەو واتایەی کە لە قەراردادەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، قەراردادی ئۆسلۆ، یان قەراردەکانی دیکەدا هاتووە، نەباتە پێشەوە. هەتا ئێستا دەیان قەرار و بڕیاڕی سازمانی میللەل لە لایان ئامریکاوە لە پشتیبانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل ویتۆ کراوە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمرۆ لە ئیسرائیلدا دەقەومێت ئاکامی سیاسەتی ئەو بەشەی دیکەیەتی. نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە جەریانی چەپ لە ئیسرائیل لەم کێشانەدا لاواز بووە، هەڵبەت مەبەست لە چەپ ئەو تەعریفەیە کە خۆیان دەیکەن. ئەم جەریانە چەپە هەرچی زیاتر خراوەتە پەراوێز و لە عەوەزدا جەریانی ڕاست و توندڕەو زۆرتر دەوری گێڕاوە. لە ماوەی هەموو ئەو شەڕانەی کە لەم دواییەدا لە نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلیەکاندا ڕووی داوە، ئیسرائیل هەوڵی داوە کە سازمانی ئازادیبەخشی فەلەستین لاواز بێت و ڕێکخراوە پاونخوازەکانی وەکوو حەماس تێیدا بەهێز بن. ئیسڕائیل ئەیەوێت بە لاواز کردنی دەوڵەتی خۆ بەڕێوبەری فەلەستین و هەڵگیرسانی ئەم شەڕە، ئەو ناوچە بچووکەی کە بەدەست فەلەستینیەکانەوە ماوە داگیری بکات

**درێژە لە لاپەڕەی ٥**

# کوشتار و پاکتاوی نەتەوەیی خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئاپارتایدی ئیسرائیلەوە دبێت کۆتایی پێبێت

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی ئێران (ڕاهی کاریگەر)

یەکەم - لە هەفتەی ڕابردوودا کوشتاری بێبەزییانەی دانیشتووانی کەرتی غەززە لە فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی جینایەتکاری ئیسرائیلەوە بەردەوام بوو. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تا ئێستا زیاتر لە دە هەزار فەلەستینی گیانیان لەدەستداوە کە نزیکەی چوار هەزاریان منداڵن. لە کاتێکدا کە جیهان شاهیدی کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەیە لە غەززە، دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەروا بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی بێ ئەملاو و ئەولا لە دەوڵەتی دەستی ڕاستی بنیامین نەتانیاهۆ و ناردنی چەک و چۆڵی کۆمەڵکوژ بۆ کوشتاری هەرچی زیاتری خەڵکی بێ دیفاعی فەلەستین و ویتۆکردنی ئاگربەستی مرۆڤدۆستانە، ناڕەزایەتی بزووتنەوەکانی لایەنگری ئاشتی بە نایاسایی لە قەڵەم دەدەن و پشتیوانی لە بڕینی ئاو و کارەبا و خۆراک و دەرمان لە فەلەستینییەکان دەکەن و لەژێر ناوی «مافی ئیسرائیل بۆ بەرگریکردن لە خۆی» هەموو ئەو تاوانە جەنگیانە پاساو دەکەن. لە دۆخێکی وەها دژواردا خەڵکی فەلەستین نەک هەر لەلایەن دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە غەڵتانی خوێن دەکرێن، بەڵکوو هاوکات لەلایەن هێزگەلێکەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە یان لە ڕەگ و ڕیشەوە گەندەڵن، یان وەک ڕەوتێکی ئیسلامی کۆنەپەرست خۆیان بەشێکن لەو کارەساتەی کە بەسەر ئەم خەڵکەدا هاتووە. ڕێک هەر ئەم کارەساتەیە کە هەندێک جار دەبێتە بیانوویەک بۆ فەرامۆشکردنی ڕەوایەت و بەرحەقبوونی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی فەلەستین لە دژی ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل. ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ڕاستە حەماس بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستە، ڕاستە کە دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن دەوڵەتێکی گەندەڵە و تەنانەت ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیش کە بەرگریکاری ڕەوتە کۆنەپەرستە مەزهەبییەکانە لە ناوچەکەدا و بەرواڵەت هەموو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی خۆی لە ژێر ناوی دیفاع لە خەڵکی فەلەستین دا بەرەوپێش دەبات دەبینین، بەڵام ئەوە زەڕەیەک لە ڕەوابوونی خەبات و خۆڕاگریی ملیۆنان فەلەستینی لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ سەر خاک و زێدەکەیان کەم ناکاتەوە، هەروەک چۆن تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیلیش هیچ لە گرنگی ئەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە نەک تەنیا یەهوودییەکان، بەڵکووو ویژدانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازیش، نابێت تاوانەکانی فاشیزمی هیتلێری لەدژی یەهوودییەکان لە زێهنییەتی مێژوویی خۆی بسڕێتەوە. دام و دەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین کە بزووتنەوەیەکی سکۆلار و کاریگەر بوو لەناو خەڵکی فەلەستیندا، چاوپۆشییانکرد لە دروستبوونی ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس و بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانییان لێکرد و بەهێزیان کرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانن ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین و هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکانی چالاک لە بزووتنەوەی فەلەستیندا لاواز بکەن و پشتیوانی و هاوپشتی نێونەتەوەیی بۆ دیفاع لە خەڵکی فەلەستین بە ناڕەوا لە قەڵەم بدەن و لەناوی ببەن. هەروەک چۆن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ساڵی ١٣٥٧ لە کۆنفرانسی گوادلۆپ ڕێگایان بۆ بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامی شیعە بە بەڕێبەرایەتی خومەینی خۆشکرد بۆ ئەوەی پێش بگرن لە شۆڕشێکی پێشکەوتنخوازانە و جێگیربوونی دێموکراسی لە ئێران. ئەو دەوڵەتانەی کە بە بیانووی بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی حەماس لە کەرتی غەززە، چاویان لە ئاست دڕندەیی ڕژیمی ڕپەچەک و شۆڤێنیستی ئیسرائیل دەبەستن، هاوبەشی ئەو تاوانە مێژووییەن لە دژی نەتەوەی فەلەستین. خەڵکی ئازادیخواز و شەریفی فەلەستین و ئیسرائیل هیچ دوژمنایەتییەکی قووڵیان لەگەڵ یەکتردا نییە. ئاگری دوژمنایەتی نێوان ئەو خەڵکە لە لایەن دەستی ڕاستە کۆنەپەرست و توندڕەوەکانی هەردوولاوە باوەشێن دەکرێت. هاووڵاتییانی فەلەستین و ئیسرائیل تەنیا بە هاوپشتی و هاوخەباتی خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی ناوچەکە دەتوانن خۆیان لە ژێر هەژموونی دەوڵەتی ئایینی و هێزە کۆنەپەرستەکان ڕزگار بکەن و بە بەهرەمەندبوون لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەیەکەوە کار و ژیانی خۆیان تێپەڕ بکەن

دووەم- دەوڵەتی ڕەئیسی بڕیاریداوە کە لە نیوەی دووەمی ئەمساڵدا مووچەی هێزە نیزامییەکان، سپای پاسداران و ناوەندەکانی سەر بەو هێزانە زیاد بکات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کاتێک شۆڕای باڵای کار لانیکەمی حەقدەستی کرێکارانی بۆ ساڵی ١٤٠٢ پەسەند کرد، بەشێوەیەکی فریوکارانە بەڵێنیان بە کرێکاران دا کە ئەگەر لە نیوەی دووەمی ساڵدا مووچەی کارمەندان و هێزە ئەمنییەکان زیاد بکەن، هەر بەو ڕێژەیە حەقدەستی کرێکارانیش زیاد دەکەن. ئێستا لە کاتێکدا کە هەڵاوسان بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی لانیکەمی حەقدەست بۆ ساڵی ١٤٠٢ پەسەند کرا، پتر لە ٥٠٪ زیادی کردووە، نەک هەر هیچ ئاماژەیەک بۆ زیادکردنی حەقدەستی کرێکاران نییە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەوە کە مانگەکانی نیوەی دووەمی ساڵ ٣٠ ڕۆژن، خاوەنکارەکان لەم نیوەی دووەمی ساڵدا بە کردەوە حەقدەستی کرێکار بە ئەندازەی یەک ڕۆژ لە مانگدا کەم دەکەنەوە. پرسی حەقدەست لە ئێرانیش وەک هەر شوێنێکی دیکە لە نیزامی سەرمایەداریدا، تەوەری بنەڕەتی ململانێی نێوان دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگا، واتە سەرمایەدار و خاوەن پیشەسازییەکان و دەوڵەت وەک کڕیاران و کرێکاران وەک فرۆشیاری هێزی کارە. خاوەنکارەکان و دەوڵەتە نوێنەرەکەیان بە پشتبەستن بە بوونی لەشکرێکی بەرینی بێکاران، هەوڵدەدەن تا ئەو جێگایەی دەتوانن حەقدەستی کرێکاران کەم بکەنەوە و بەرگریکردن لە قازانجی هەرچی زیاتری سەرمایەکانیان بە مافی بێ ئەملاو و ئەولای خۆیان دەزانن. کرێکارانیش بە مافی خۆیانی دەزانن کە لە بەرامبەر هێزی کارەکەیاندا داوای حەقدەستێک بکەن کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگا و پێویستییەکانی ژیانێکی ئینسانی لە سەدەی بیست و یەکدا، بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیانی پێ دابین بکەن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە زەبری یاسا و پشت بەستن بە هێزی سەرکوت، ئەم ململانێیەی بە قازانجی سەرمایەدارەکان شکاندووەتەوە. چونکە کرێکاران بەبێ بوونی ڕێکخراوە چینایەتی و سەربەخۆ کرێکارییەکان، ناتوانن ئیرادەی چینایەتی خۆیان لە پرسی دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیاندا بسەپێنن. حەقدەستێکی گونجاو لەگەڵ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی، داواکارییەکی سەرەکی چینی کرێکاری ئێرانە و وەدیهاتنی ئەم داواکارییەش بەندە بە خەباتێکی یەکگرتووانە و سەرتاسەرییەوە. ئەوە تەنیا خەباتی یەکگرتووانە و سەرتاسەری کرێکارانە کە دەتوانێت چینی سەرمایەدار و نیزامی کۆماری ئیسلامی ناچار بکات دەست لە هێرشکردنە سەر کار و ژیان و گوزەرانی کرێکاران هەڵبگرن و هەروەها کەشوهەوای خەباتکارانەی دژ بە دۆخی ئێستا، لە هەموو کۆمەڵگادا بەهێزتر بکات

سێیەم- ڕۆژی ٢ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١١ی خەزەڵوەر، بەپێی ساڵنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی "کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی ئەنجامدەرانی تاوانە لە دژی ڕۆژنامەنووسان". مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە، دەربڕینی هاوسۆزییە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەوڵی خستنەڕووی ڕاستییەکان و پێدانی زانیاری دروست دەدەن، خاوەن سەرمایە و دەسەڵاتیش بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت ناچاریان بکەن کە بێدەنگ بن. بە شێوەیەکی مامناوەند لە جیهاندا لەماوەی هەر پێنج ڕۆژدا ڕۆژنامەنووسێک دەکوژرێت. لە سەرتاسەری جیهاندا هەزاران ڕۆژنامەنووس تەنیا بەهۆی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیشەیی خۆیان لەگەڵ مەترسی و ئازار و ئەزیەت و هەڕەشە و تەنانەت مردنیش بەرەوڕوو دەبنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ڕابردوو تاوان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی میدیایی لە چاو دوو ساڵ پێشتر لانیکەم ٤٢٪ زیادی کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی ئەو پەروەندانەی لە دادگاکاندا بەدواداچوونیان بۆ کراوە و بووەتە هۆی دۆزینەوە یان ناسینی تاوانباران، لە ساڵی ٢٠١٣ەوە تا ئێستا تەنیا ٢٪ پێشکەوتن نیشان دەدات. بە وتەی یونسکۆ لە باشترین حاڵەتدا، تەنها ٦٪ی جینایەتەکانی دژی ڕۆژنامەنووسان لە دادگاکان تا قۆناغەکانی کۆتایی و دادگاییکردنی تاوانباران بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت. زۆربەی ئەو مەترسی و ئەزیەت و ئازار و هەڕەشانە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتە سەرمایەدارەکان یان حکومەتە بە ئاشکرا جینایەتکار و سەرەڕۆکانی وەک کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دەدرێن. ئێران بە زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناو و ناوبانگی دەرکردووە و خودی ڕژیم لە نێو ١٨٠ وڵاتدا لە پلەی ١٧٨هەمیندایە. بەپێی پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور، لە کاتی هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئیسلامییەوە تا ساڵی ٢٠١٨ لانیکەم ٨٦٠ ڕۆژنامەنووس لە ئێران زیندانی کراون. لە سەردەمی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا فشار لەسەر ڕۆژنامەنووسان و بنەماڵەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر توندتر بۆوە و شەپۆلی دەستبەسەرکردن، چەند هێندە زیادی کرد. بەجۆرێک کە بەپێی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی جیهانی ڕۆژنامەنووسان، لە ماوەی یەک مانگدا لانیکەم ٢٥ ڕۆژنامەنووس لە ئێران دەستبەسەر کراون. نموونەیەکی دڵتەزێنی زیندانیکردن و هەوڵدان بەمەبەستی بەچۆکدا هێنانی ڕۆژنامەنووسان، لە دەستگیرکردن و سزادانی نیلوفەر حەمیدی پەیامنێری ڕۆژنامەی "شەرق" و ئیلاهە محەممەدی پەیامنێری ڕۆژنامەی "هەم مەیهەن"دا بەرچاو کەوت کە بەشێوەیەکی گشتی سزای ٢٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێندرا و ١٥ ساڵی جێبەجێ دەکرێت. ئەم دوو پەیامنێرە بوێرە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی کوژرانی ژینا ئەمینی لە نەخۆشخانەی کەسرا و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی لە شاری سەقز، کوشتنی ناوبراویان بە دەستی حکومەت ئاشکرا کرد و ڕۆڵیان هەبوو لە دەستپێکی شۆڕشی ژینادا. کارەساتبارترین نموونەی جینایەت لە دژی ڕۆژنامەنوسان لە شەڕی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین بەتایبەت لە کەرتی غەززە بەرچاو دەکەوێت. ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور ڕایگەیاندووە کە لە دەستپێکی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە هەتا ئێستا ٣٤ ڕۆژنامەنووس کوژراون. نموونەیەکی دیکە بریتییە لە جولیان ئاسانژ دامەزرێنەری ماڵپەڕی «ویکیلیکس» کە بەهۆی لەقاودانی جینایەتە جەنگییەکانی ئەمریکا لە کاتی هێرش بۆسەر عێراق، چەندین ساڵە لە زینداندا بەسەردەبات. زۆر نموونەی لەم چەشنە لە سیستەمی نابەرابەر و شەڕخواز و گەندەڵی سەرمایەداریی زاڵ بەسەر جیهاندا بەرچاو دەکەوێت. لە ئاوا هەلومەرجێکدا ناکرێت چاوەڕوانی باشتربوونی دۆخەکە و لێپرسینەوە و دادگاییکردنی عادڵانەی جینایەتکاران لەو ناوەندە نێونەتەوەییانەی کە لەسەر بنەمای نەزمی جیهانیی ئێستا دامەزراون، بکرێت. بەڵکوو باشتربوونی دۆخەکە و لێپرسینەوە لە تاوانباران تەنیا بە خەبات و تێکۆشان لەدژی هۆکار و سەرچاوەکانی ئەو نەهامەتیانە و هاتنەسەرکاری نیزامێک لە جیهاندا مسۆگەر دەبێت کە بناغەکانی لەسەر قۆرخکاری و قازانج و سەرمایە دانەمەزرابێت

چوارەم- کۆماری ئیسلامی دوای ماوەیەکی زۆر شاردنەوەی هەواڵی گیانبەختکردنی ئارمیتا گراوەند، سەرەنجام هەواڵی گیان لەدەستدانەکەیان ڕۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبر بەرابەر لەگەڵ ٦ی خەزەڵوەر لە ڕێگەی ئاژانسی هەواڵی دەوڵەتیی «ئیرنا»وە بڵاو کردەوە. ئارمیتای تەمەن ١٧ ساڵ ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبر بەرابەر لەگەڵ ٩ی ڕەزبەر لە وێستگەی میترۆی شوهەدای تاران لە لایەن مەئمووریکی کۆنترۆڵی حیجابەوە بە توندی پاڵی پێوەنرا و لە ئاک هاوسەنگی لەدەستدا و سەری لە ئاسنی واگۆنەکە درا و بێهۆش بێهۆش بوو. ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر، شارەوانی لە ترسان هەموو مەئموورە ژنەکانی کۆنترۆڵی حیجابی لە وێستگەی مێترۆکان کۆکردەوە و بە دوای ئەوەدا بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و دژبەیەک لەلایەن بەرپرسان و ڕاگەیەنەرەکانی دەوڵەتییەوە دەستپێکرد. مەئموورانی ئیتلاعات ئارمیتایان بردە نەخۆشخانەی فەجری سەر بە هێزی ئاسمانی و لەلایەن لیباس شەخسییەکانەوە گەمارۆ درا بۆ ئەوەی هیچ زانیارییەک دزە نەکاتە دەرەوە. تەنانەت نەیانهێشت شەهێن ئەحمەدی دایکی ئارمیتاش، بچێتە ژووری فریاکەوتن ئەو شوێنەی کە ئارمیتای بە بێهۆشی لێ خەوێندرابوو، کاتێکیش ناڕەزایەتی دەربڕی، دەستبەسەریانکرد. ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی دەوڵەتی "شەرق"یشیان دەستبەسەر کرد لەبەر ئەوەی بەنیازبوو ڕاپۆرتە هەواڵێک سەبارەت بەو ڕووداوە ئامادە بکات. سەرەڕای هەمووی ئەمانە ڕۆژنامەنووسە جەماوەرییەکان دەستبەجێ هەواڵەکەیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکردەوە و درۆ و چەواشەکارییەکانی ڕژیمیان سەبارەت بەوەی کە گوایە ئارمیتا بەهۆی لاوازیی جەستەییەوە بێهۆش بووە، ئاشکرا کرد. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕێگەیان بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیانبەختکردنی ئارمیتا گراوند نەدەدا، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی هێرشی جینایەتکارانەی ئەرتەشی دژە ئینسانی ئیسرائیل و چوونی ئەو هێزانە بۆ ناو خاکی غەززە، ئیزنیان دا کە هەواڵەکە بڵاوبکرێتەوە. ئەوان هیوادار بوون بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیانبەختکردنی ئارمیتا، شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرهەڵنەداتەوە. بەڵام هەر کە ئەو هەواڵە بڵاوکرایەوە، ناوی ئارمیتا بوو بە یەکەم سەردێڕی هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. زۆرێک لە کەسایەتییە ناسراو و بەناوبانگەکانی دەرەوەی وڵات و ئینسانە بوێر و کاریگەرەکانی ناوخۆی وڵات، لەدژی درۆ و چەواشەکارییەکانی ڕژیم و دەربڕینی هاوسۆزی و هاوخەمی لەگەڵ بەهمەن گراوەند و شەهێن ئەحمەدی دایک و باوکی ئارمیتا، لێدوانیان دا. سەرەڕای هەڕەشە و دەستگیرکردنی دەیان کەس، جەماوەرێکی زۆر بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیدا کرد و دژی حکومەتی گەندەڵ و تاوانکاری ئیسلامی دروشمیان بەرزکردەوە. ئەم ڕاستیانە ئەوە دەردەخەن کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و داواکارییە ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکانی و هەروەها نەفرەت و بێزاری خەڵک لە حکوومەتی ئیسلامی هەروا زیندووە و بەردەوامە

بڕوخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران
سەرکەوتووبێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران
بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیز

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)**
**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٢ / ٦ی نوامبری ٢٠٢٣**

# تێکهەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل – حەسەن ڕەحمانپەناه

درێژە لە لاپەڕەی٣ەو:

بەبڕوای من هەوڵی ئێستای ئیسرائیل حەزفی تەواوی جەریاناتی ناو فەلەستین بە حەماسیشەوەیە تا بە داگیرکردنی غەززە، ئەوێ بکەن بە ناوچەیەکی توریستی لە ژێر چاوەدێری ئیسرائیل یان دواتر بدرێت بەدەسی سازمانی میللەل. ئەمە ئەو پلان و بەرنامەیە کە لە ڕاستیدا هەیانە ئەگەرەکان لە ئێستادا چین؟ ئەگەر، ئەوەڵ هەر ئەو جۆرەی کە تا ئێستاش نیشان دراوە، ئەوەیە کە ئیسرائیل نابێت شکست بخوات. ئەمە سیاسەتی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایە. ئەگەر چاو لە تەبلیغی میدیاکانی ڕۆژئاوایی بکەن، زۆر بە کەمی باسی جینایەتەکانی ئیسرائیل دەکرێت. جینایەتەکانی حەماس کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ جینایەتەکانی ئیسرائیل نییە زۆرتر دەخەنە بەرچاو و باسی دەکەن. بە ٦٠٠٠ بۆمب و مووشەک تەواوی بیناکان و ژێربەنای غەزەیان وێران کردووە. ئەم جینایەتە لەگەڵ ئەوەی حەماس ئەسڵەن قابیلی مۆقایسە نییە. ئەگەر هێرشی زەمینی بۆ سەر غەزە بکرێت، زەرەر و زیانێکی زۆر لە ژێر ساختی ئەو وڵاتە دەکەوێت. ئەمریکا پشتیوانی بێ ئەم لاو ئەو لای ئیسرائیلە لەم شەڕ و کێشانەدا. باس لە ئەگەری دەرگیر بوونی لایانەکانی‌تر بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێت. بەباوڕی من کۆماری ئیسلامی پێی خۆش نییە بچێتە ناو ئەو شەڕە. سەفەری «ئەمیر عەبدۆلاهیان» بۆ سووریە و لوبنان بە بڕوای من بۆ هێوەر کردنەوەی بارودۆخەکەیە. ئەم شەڕە لە ئێستادا بە قازانجی ئێران تەواو نابێت. ئەوەی کە خامنەیی هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و بە لەرزە لەرز قسەی کرد لەسەر ئەم بابەتە و وتی ئێمە بەشدار نەبووین بەڵام دەست و شانی ئەوان ماچ دەکەین، ئەمە نەخشی



کۆماری ئیسلامی دەگەیێنێت و کەس بەمە تەوەهومی نییە، بەڵام تەنانەت ئامریکا و ئیسرائیلیش حەزیان لەوە نییە کە ئێران بێتە ناو ئەم شەڕەوە. هەرچەند حیمایەتەکانی ئێران شاراوە نییە، بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت، ئەم شەڕە لە دڵی شەڕێکی گەورەتردا خەریکە ڕوو ئەدات، ئەویش ئەو شەڕەیە کە لە ئۆکراینا لە ئارادایە. لە شەڕی ئۆکرایندا، ڕووسیە زۆر فشاری بۆ هاتووە و ژێر ساختەکانی لە ناو چووە و زەرەر و زیانی زۆر قورسی لێ کەوتووە. نابێت تۆڵە سەندنەوەی چین و ڕووسیە لێرەدا لە بیر بکەین. چین بە ڕێگای تەکنۆلۆژیا، ڕووسیە بە ڕێگای موشەک و چەک و چۆل لە ڕێگای ئێرانەوە و ئێران لە ڕێگای سووریەوە خەریکن ئامریکا لاواز دەکەن و بەرەیەکی دیکەی شەڕیان دژ بە ئامریکا کردووەتەوە. ئێران حەز ناکات شەڕ کە بگاتە سنوورەکانی ئەو، چونکە دەزانێت زۆر زوو تێک دەشکێت. ئیسرائیل جگە لە حەماس هەڕەشە لە جەریاناتی‌تری ئیسلامی دەکات بۆ نموونە حیزبوڵلای لوبنان کە دەڵێن ١٠٠هەزار چەکداری هەیە، بەڵام ئەوە نەبێت کە ئیسرائیلیش ئەوەندەی ئیمکانات هەبێت، هەرچەند لەبواری تەکنۆلۆژی و چەک و چۆڵەوە پێشکەوتووە، بەڵام ئەویش دەزانێت زۆر شکەنەندەیە، بەتایبەت ئەگەر هێرشی زەمینی بکاتە سەر غەزە، تەلەفاتێکی زۆر دەدات. بەبڕوای من ئێستا جهەت ئەوە نییە کە ئەم شەڕە بڵاوتر و وەسیع‌تر بێتەوە. زۆر لایەن ڕاگەیاندنیان داوە و هەڵوێستیان گرتووە کە ئەگەر ئیسرائیل بۆ خۆی ڕاگەیاندنی بدایەت، هەر ئاوا دیفاعی لە خۆی دەکرد. هەموو تاوانێک، هەموو جینایەتێک، هەموو شتێک حەماس کردوویەتی، مەگەر گرووپە ئیسلامیەکان، ئەگینا هیچ ئینسانێکی ئازادیخواز و بیر ئازاد ناتوانێت، دیفاع لەو جینایەتانە بکات کە حەماس کردی، ناتوانی پشتیوانی لە حەماس بکەی، بەڵام ناشتوانی ئازادیخواز بیت بەڵام دیفاع لە بزووتنەوەی خەڵکی فەلەستین نەکەیت. بۆ لایەنێکی چەپ و سوسیالیست وەکوو کۆمەڵە دیفاع لە بزووتنەوەگەلێکی حەقخوازی هەمیشە لە دەستووری کارماندا بووە و هەمیشە بەشێک لە سیاسەتمان بووە. ئێمە لە خەڵکی فەلەستین دیفاع ئەکەین، بەبێ ئەوەی کە دیفاع لە هیچ گرووپێک بکەین. لە خەڵکی ستەم لێکراوی ئەفغانستان دیفاع ئەکەین بەڵام هیچ دیفاعێکمان لە تاڵبان و لە ئەلقاعیدە و لە جەریاناتی‌تر و لە داگیرکەری شۆڕەوی و ئامریکا لەو کاتەدا نەکردووە. لە خەڵکی قوربانی کراو لە شەڕی ئۆکرایندا دیفاع دەکەین، بەڵام نە دیفاع لە «پۆتین» ئەکەین و نە لە لایەنی ئۆکراینی. ئەمە هەڵوێستێکی جێ کەوتووە کە لایەنە چەپ و سوسیالیستەکان هەمیشە بوویانە. مەسەلەی «دوو دەوڵەت» ئێستاش باشترین ڕێگا حەلە بۆ مەسەلەی فەلەستین، بەڵام باوڕ ناکەم لە دڵی بارودۆخی ئێستادا ئەوە لە دەستووری کاری ئیسرائیلدا بێت. بە بڕوای من ئەمە ستراتیژی ئیسرائیلە کە هەموو وڵاتانی عەرەبی بوونیان هەبێت، بەڵام ئەو وڵاتەی کە داوا ئەکات «ئۆرشەلیم» پایتەختی ئەبەدی فەلەستینە نابێت بوونی ببێت. بوونی دەوڵەتێکی دێمۆکراتیک و ئازادیخواز چاکترین ڕێگا حەلە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە دژایەتی لەگەڵ بیرۆکەی ئایینی، چ پاوانخوازی سوننی و شێعە و چ پاوانخوازی یەهوودی و ڕەگەزپەرەستانەی ئەوان ئەرکێکە کە ئەبێت جێ‌بەجێ بکرێت. خەڵکی کورد هیچ قازانجێکی لەوەدا نییە کە خەڵکی فەلەستین ئاوا لەبەرچاوماندا کوشتار و قەتڵ و عام بکرێن و چەپڵە بۆ ئیسرائیل لێ بدەین. ئەمە هەڵەیە. زۆر جار ئەڵێن کە ئیسرائیلیەکان بۆ کورد باش بوون. من نازانم باشی ئیسرائیلیەکان بۆ کورد چی بووە؟ یان دەڵێن کە فەلەستینیەکان یان عەرەبەکان دژ بە مەسەلەی کورد بوون. ڕاستە دوودانە دەوڵەتی عەرەبی هەیە کە تا سەر ئێسقان فاشیستن. سووریە و عێراقی کاتی سەددام. بەڵام ئایا هەموو خەڵکی عەرەب وایە؟ هەموو خەڵکی عەرەب خوازیاری ئەو جینایەتانە بوون کە بە دژی کورد کراوە؟ ئەگەر فەلەستینیەکانیان هێناوە لە ئێرە بە دژی کورد شەڕیان پێ کردوون، دەی خۆ کەم نەبوون ئەو کوردە بەکرێ گیراوانەی کە ساڵیانی ساڵ بە دژی پێشمەرگە شەڕیان کرد. هەر لە دوای ١٩٩١ەوە قسە لەوە کرا کە لێرەدا نزیکەی ٣٠٠هەزار کەس چەکدار یا بە نهێنی سەدها تاوانیان بە دژی خەڵکی کورد کرد. بۆیە ئاوا چاو لە خەڵک یا نەتەویەک کردن سیاسەتێکی ئینسانی و باش نییە و هیچ خزمەتێک بە بزووتنەوەی حەقخوازانی کورد ناکات. بە هیوای زووتر تەواو بوونی ئەم شەڕە، هەرچەند پێم وایە ئەم شەڕە وا زوو کۆتای نایەت و ئیسرائیل دەیەوێت بە تەواوی ئامانجەکانی خۆی بگات

***

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# کوشتاری دڕندانەی خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، تەنیا بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی جیهانی کۆتایی پێ دەهێنرێت



جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە هەروا بەردەوامە. قوربانیانی ئەم جینایەتە ١١ هەزار کەسی تێپەڕاندووە. زیاتر لە چوار هەزار منداڵ کوژراون. پتر لە ٣٠ هەزار بریندار بەسەر دەستی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە و ئازا دەچێژن و چاوەڕوانی مەرگی بە شێنەیی خۆیان دەکەن، لەکاتێکدا کە تەنیا چەند نەخۆشخانەیەک ماونەتەوە کە ئەوانیش بەردەوام لە مەترسی هێرشی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئیسرائیلدان. ٤٥٪ی بینای شارەکە وێران بوون و ئەوانی دیکەش شیاوی نیشتەجێبوون نین. تا ئێستا ملیۆنێک و نیوێک خەڵک لەم باریکەیەدا ئاوارە بوون و لە هیچ شوێنێک پەناگەیەکیان نییە. ٩٥٪ی خەڵک دەستیان بە ئاوی خاوێن ڕاناگات و مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو ئاوارەکان و ئەو خەڵکەی کە هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونیان نییە، زیادی کردووە، بە جۆرێک کە مەترسی کارەساتێکی تەندروستی جیددی لەئارادایە. کۆمیتەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی کە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئەو خەڵکەدایە، دەڵێت: «نەبوونی سووتەمەنی پرۆسەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی پەکخستووە و بووەتە هۆی لەکارکەوتنی وێستگەکانی پاککردنەوەی ئاو؛ بابەتێک کە زەمینەی بڵاوبوونەوەی بەرچاوی نەخۆشییەکانی بەهۆی هەوکردنە بەکتریاکانی وەک سکچوون و هیتر...، خۆشکردووە، بەجۆرێک کە لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەرەوە زیاتر لە ٣٣ هەزار کەس لە غەززە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون». ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت، بەهۆی ئاوارەبوونی نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەس لە سەرانسەری غەززە، قەرەباڵغی لەڕادەبەدەر لە ناوەندە تەندروستییەکان و شوێنی حەوانەوە، مەترسی گواستنەوەی نەخۆشییە عفوونییەکانی پەرەپێداوە. بەرپرسانی خۆجێیی ئیدارەی شاری غەززە دەڵێن: تەندروستی لە کەرتی غەززە بەتەواوی داڕماوە و بۆردومانەکان سەرجەم ناوەندەکانی وەک نەخۆشخانەکان، مزگەوتەکان، کڵێساکان و ناوەندەکانی فریاگوزاری دەکەنە ئامانج. دەوڵەتی ئیسرائیل کەرتی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردنیشی خستۆتە بازنەی تاوانەکانی خۆی لەدژی خەڵکی فەلەستین. لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ فەلەستینی لە کەرتی ڕۆژئاوا لە هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران لە کەناری ڕۆژئاوا کوژراون کە لانیکەم ٥ کەسیان منداڵی خوار ١٥ ساڵ تەمەن بوون و زیاتر لە هەزار و ٥٠٠ فەلەستینیش هەر لەو ناوچەیە دەستبەسەرکراون

جگە لە چەندین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوەی گشتی، دوو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە پاریس و قاهیرەش نەیانتوانیوە ڕژیمی ڕەگەزپەرست و جینایەتکاری ئیسرائیل ناچار بکەن بە قبووڵکردنی ئاگربەستێکی چەند کاتژمێری بۆ ئەوەی ڕێگە بە گروپە فریاگوزارییەکان بدەن بە هانای ئەو خەڵکەوە بچن. تەنانەت دەوڵەتی ئەمریکا کە سەرجەم بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە ئاگربەست ویتۆ کردووە، ئیدیعای ئەوە دەکات کە هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی بۆردومانەکان بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بێ ئاکام بوون. دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کاتێکدا کە جیهان شاهیدی جینۆسایدێکی بێ وێنەیە لە غەززە، هەروا بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی بێ ئەملاو ئەولای خۆیان لە دەوڵەتی دەستی ڕاستی بنیامین ناتانیاهۆ، چەکی کۆمەڵکوژ دەنێرن بۆ کوشتنی زیاتری خەڵکی بێ دیفاعی فەلەستین، ئاگربەستی مرۆڤدۆستانە ویتۆ دەکەن و خۆپیشاندانی بزووتنەوەکانی لایەنگری ئاشتی بە نایاسایی لە قەڵەم دەدەن، لە بڕینی ئاو، کارەبا، خۆراک و دەرمان لە فەلەستینییەکان پشتیوانی دەکەن و هەموو ئەو تاوانە جەنگیانە لە ژێر ناوی «مافی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ بەرگری لەخۆی» پاساو دەکەن. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بە بیانووی بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی کۆنەپەرستی حەماس لە کەرتی غەززە، چاویان لە ئاست وەحشیگەرییەکانی ڕژیمی پڕچەک و شۆڤێنی ئیسرائیل دادەخەن، هاوبەشی ئەم تاوانە مێژووییەن لە دژی نەتەوەی فەلەستین.

جینایەتی دژ بە مرۆڤایەتی لە غەززە لە دۆخێکدا ڕوودەدات کە کارەساتی جینۆساید لە فەلەستین ویژدانی جیهانی بەئاگا هێناوە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان شاهیدی بەڕێوەچوونی چەندین خۆپێشاندان و نارەزایەتی بەرینی کۆمەڵایەتی بووین. بە ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهان هاتنە سەر شەقامەکان و خوازیاری کۆتاییهێنانی دەستبەجێی ئەو شەڕە و پێشگرتن لە کۆمەڵکوژیی لەلایەن ڕژیمی ئیسرائیلەوە بوون. لە حاڵەتێکدا کە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و بەرپرسانی دەوڵەتە عەرەبییە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە نە دەیانەوێت و نە دەتوانن دەوڵەتی ئیسرائیل ناچار بکەن کە ئەم جینۆسایدە ڕابگرێت، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە جگە لەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی شەریف و ئازادیخواز لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهان گوشار بخەنەسەر دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی دەست لە پشتیوانی ئاشکرا و شەرمنانە لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هەڵبگرن و ڕژیمی ئیسرائیل بخەنە ژێر گوشارەوە. کوشتاری خەڵکی غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، تەنیا بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی جیهانی کۆتایی پێ دەهێنرێت

***

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# ڕۆژی خوێندکار، بە ڕەوایەتی شۆڕش و دژە شۆڕش

ڕۆژی شەممە ١٣ی مانگی خەزەڵوەر، ڕۆژی خوێندکار بوو، ئەو ڕۆژەی کە پێشینەکەی بۆ مانگەکانی کۆتایی ڕژیمی پەهلەوی دەگەڕێتەوە. بەڵام ١٣ی خەزەڵوەر لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چەندین بۆنەی دیکەشی پەیدا کردووە، کە هەموویان ناوی خوێندکاریان لەسەر داندراوە. بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو بۆنانەی کە بەناوی ڕۆژی خوێندکار، لە ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەردا بەڕێوەدەچێت، لەڕاستیدا، جیاوازیی نێوان ڕیزی شۆڕش و دژە شۆڕشە لە ئێران

بۆنەی یەکەم: ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لە سەروبەندی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك، ژمارەیەك لە خوێندکاران لە حەساری زانکۆی تاران کۆبوونەوە و وێڕای دانشجووەکانی زانکۆ دەستیاندایە خۆپیشاندان. هێزە نیزامییەکانی دەوڵەتی "شەریف ئیمامی" بەرەوڕووی خۆپیشاندەران تەقەیان کرد و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گیانیان لەدەستدا. دەوڵەتی شەریف ئیمامی کە هەمان ساڵ لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان لە مەیدانی ژاڵە کوشتارێکی خوێناویی وەڕێخستبوو، ڕۆژێك دوای کوشتنی خوێندکاران لە زانکۆی تاران، لەسەر کار لاچوو. پاش ڕووداوی خوێناوی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧، ئەو ڕۆژە بە ناوی "خوێندکار" پێناسە کرا

بۆنەی دووهەم: یەك ساڵ دواتر پاش کارەساتی خوێناویی زانکۆی تاران، ڕێك لە وەها ڕۆژێکدا لە هەوڵێکی ڕێکخراو لە لایەن حیزبوڵلاییەکانی پەیرەوی خومەینی، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران داگیرکرا و ٥٢ دیپلۆمات و کارمەندی باڵوێزخانەکە بە بارمتە گیران. ڕێکخەرانی نمایشی فریوکارانەی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، بەو کردەوەی خۆیان کە نزیك بە ساڵ و نیوێکی خایاند، باڵوێزخانەی داگیرکراوی ئەمریکایان کرد بە ناوەندی ڕاگەیاندنی سیاسەتی دەسەڵاتی دژە شۆڕشی سەرانی ڕژیم. داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە لە بنەڕەتدا بە فەرمانی خومەینی بەڕێوەچووبوو، بەهۆی ئەوەیکە دەور و نەخشێکی گرینگی لە پاشەکشە پێکردن بە ڕەوتە چەپ و ڕادیکاڵەکان و سەرکوتی شۆڕش هەبوو، خۆمەینی ناوی "شۆڕشی دووهەمی" لەسەر دانا. بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشی دووهەم جگە لە درێژەی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆنەپەرستانی ئیسلامییەوە، شتێکیتر نەبوو. دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" کە لەو ڕۆژەوە زیاتر کەوتە سەر زاری حیزبوڵلاییەکان، بوو بە بیانوویەك بۆ کپ کردنی دەنگی هەموو نەیاران. لەو ڕۆژە بەولاوە، دار و دەستەی هاندراوی حیزبوڵلا کەوتنە گیانی کۆمۆنیستەکان و هەموو ئینسانە ئازادیخواز و سکۆلارەکان و دەستیان کرد بە ئەزیەت و ئازار و کوشتن و بڕین. ئەم ڕووداوە دەستپێکی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستی زاڵەوە بوو. شۆڕشێك کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو سەرکوتی بکات، پاش ڕووداوی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، سەرکوتەکەی بە شێوازێکی وەحشیانەتر لە لایەن ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتۆوە بەڕێوەچوو. زۆرێك لە ڕێکخەرانی ئەو سەردەمی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، دواتر بوون بە دامەزرێنەرانی سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕژیم و ئەشکەنجەگەر و زیندانبان

بۆنەی سێهەم: لە ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٨٨ی هەتاویدا کە نزیك بە پێنج مانگ لە ڕاگەیاندنی ئاکامی ١٠مین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تێپەڕ ببوو، بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی خوێندکار، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوەچوو کە لە ڕاستیدا نارەزایەتییەك بوو دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحمەدی نەژاد لە ڕێگەی ساختەکاریی بەرینی هەڵبژاردنەوە. ئەگەرچی ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنی دوورخراوە لە دەسەڵات، هەوڵی دەدا کە لاوان لە هەرجۆرە حەرەکەتێك دژ بەتەواوەتی ڕژیمی ئیسلامی بەدوور ڕابگرن، بەڵام لاوان بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دەستپێشخەری و هیدایەتی ئەم خۆپیشاندانەیان بەدەستەوە گرت

بۆنەی چوارەم، ڕۆژی بەسیجی دانش ئامووزی: کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕۆژەی بەیادی منداڵێکی قوربانی بەناوی "حسێن فەهمیدە"، ناو لێناوە. فەرماندەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٩ی هەتاویدا، ئەم منداڵە قوتابییەیان، لە عەمەلیاتێکی خۆکوژیدا، لە حاڵێکدا کە نارنجۆکیان بە نێوقەدییەوە بەستبوو، ناردە ژێر تانکە عێراقییەکانەوە. ئەم منداڵە بێ تاوانە، کە لە کاتی تیکە تیکە بوونیدا، لە «کوتی شێخ»، لەوبەری ڕووباری خوڕەمشار، تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو، پێش قەرەوڵی ئەو ٣٦ هەزار قوتابییە بوو کە دواتر لە لایەن سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی وەك خاوێنکەرەوەی مەیدانەکانی مین و لە ئۆپراسیۆنی هاوشێوەدا، لە شەڕی ئێران و عێراقدا کرانە قوربانی. لە بەرامبەر هەوڵەکانی ڕژیم بۆ بەرینتر کردنەوەی سازمانی بەسیجی دانش ئامووزی و بەکار هێنانی ئەوان بەئامانجی پۆلیسی کردنی ناوەندەکانی فێرکردن، ئەمڕۆ بە هیمەتی خوێندکارانی پێشڕەو و خەباتکار و موعەلیمانی ئازادیخواز، پڕۆژەی بەسیجی دانش ئاموزی، لە سازمانێکی فۆرماڵ بۆ ڕاکێشانی قوتابییان بەرەو نمایشەکانی سەرشەقامی ڕژیم، زیاتر نییە

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، لە پێناو وەدی هێنانی ئامانج و پڕۆژەکانی خۆی لەناو خوێندکارانی ئێراندا، بەردەوام هەوڵی داوە تا بە بەڕێوەبردنی بەرنامەی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ناوەندەکانی فێرکردن، بە گۆڕینی ناوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان و لابردنی هێندێك لە دەرسەکانی زانستی مرۆیی لە زانکۆکان، بە ناردنی ئاخوند و پاسدار بۆ مەدرەسەکان، بە پادگانی کردنی مەدرەسە و زانکۆکان و بە خولقاندنی هەمووجۆرە بەربەستێکی ئەخلاقی، لاوان ناچار بە ملکەچی و بێدەنگ بوون بکات. بەڵام لاوانی ئێران لە زانکۆ و مەدرەسەکان و لە دەرەوەی ئەم ناوەندانە، بە خەباتی شکۆداری خۆیان، بەردەوام یەکێك لە سەنگەرەکانی موقاوەمەت لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی کۆماری ئسلامی بوون و ئەم سیاسەتانەی ڕژیم بێ ئاکام ماونەتەوە. یەکێک لە درەوشاوەترین مەیدانەکانی حزووری پڕ جۆش و خرۆشی خوێندکاران بریتی بوو لە شۆڕشی ژینا، واتە شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادی. لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا، دەیان خوێندکاری تازەلاوی، کچ و کوڕ، لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی زاڵدا سنگی خۆیان کردە قەڵغان و گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسیشیان بریندار بوون، هەزاران خوێندکار کەوتنە زیندان و ئەشکەنجە کران. نوێترین قوربانی ئەم جینایەتە، بریتی بوو لە میترا گراوەند کە بەهۆی تووڕهەڵدانی حیجابی ئیجباری کەوتە داوی شەمشەمە کوێرەکانی ڕێژیم و گیانی لەدەستدا. وەک بڵێی هەموو ئەو جینایەتانە بەس نەبووبێتن، بەپێی پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بەمەبەستی چاوترسێن کردنی قوتابییان، لە سەدان مەدرەسەی ئێران دەستیاندایە ژەهراویکردنی خوێندکارانی کچ. بەڵام هیچکام لەم کردەوە جینایەتکارانە سەرکەوتوو نەبوون و خەبات و خۆڕاگریی لاوانی ئێران لە بەرامبەر ئەو ڕێگا و میتۆدانەی کە ڕژیمی ئیسلامی دەیەوێت بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێرانیدا بسەپێنێ، هەروا بەردەوامە و تادێت زیاتر پەرەدەستێنێ

بەدەر لە هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ زەوت کردنی بۆنەی ڕۆژی خوێندکار، ١٣ی مانگی خەزەڵوەر بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خەباتکار، وەبیرهێنەرەوەی گیان فیدایی ئازیزانێکە کە لە بەرامبەر هەر دوو ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ئیسلام و پاشایەتی دا، سینگیان کردە قەڵغان و شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دژبە کۆنەپەرستیی زاڵ و لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادیدا، گیانبازییان نواند

* * *



# کورتەیەک سەبارەت بە ڕۆڵی ئیدئۆلۆژی لە سیاسەتدا - جەماڵ بزورگپوور

مارکس چەندین جار وەسوەسەی ئەو ڕووناکبیرانەی ئاشکرا کرد کە پێیانوابوو ڕەوتی بیرکردنەوەکان بە تەنیا دەتوانێت جیهان بگۆڕێت. لەمڕووەوە هەدێکجار ئیدئۆلۆژی بە وشیارییەکی هەڵە یان چەواشەکردنی واقیع دەزانی. ئەو ساڵی ١٨٤٥-١٨٤٦ لەگەڵ ئینگلس، ئیدئۆلۆژی ئەڵمانییان نووسی و تیایدا ڕەخنەیان لە بۆچوون و بنەما فکرییەکانی هێگلە لاوەکان و بیرمەندانی دیکەی ئەو سەردەمە گرت. هێگلە لاوەکانیش هاوشێوەی ئیدئۆلۆژیستەکانی دیکەی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەو وەهمەدا دەست و پەنجەیان نەرم دەکرد کە گۆیا شەڕی ڕاستەقینە هەمان شەڕی بیروباوەڕ و ئەندێشەکانە و هەر لەم شەڕەدا واقیعەکانی جیهانی دەوروبەریش دەگۆڕدرێن. ئەوان هەموو ئەو بەرهەمە فکری و زێهنیانەیان کە بوونێکی سەربەخۆیان پێبدەخشی لە دژایەتی یەکتردا، بە گەشەی واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەزانی. دەستەواژەکانیان دەنارده شەڕی دەستەواژەکان، بەڵام لەڕاستیدا دونیای واقیعی و ماددییان بەبێ دەخالەتی مرۆڤەکان و وەک پرسێکی نەگۆڕ ڕەها کردبوو. ئەوان (هێگلە لاوەکان) نەیانتوانی لە پەیوەندی نێوان باوەڕەکانیان لەگەڵ جیهانی ماددی تێبگەن. هەروەک ئەوەی کە لە سەردەمی ئێمەدا، هەندێک جار «ئەندێشەکان»، لە چوارچێوەی «شەڕی باوەڕەکان» ئەڵبەتە بە قەرز وەرگرتن لە دەستەواژەکان و لە ململانێی نێوان ئەم دەستەواژانە لەگەڵ یەکتردا، وەک ڕێگای گۆڕانکاری و گەشەکردن (پاڵاوتنی ئیدئۆلۆژی) بەرجەستەدەبێتەوە کە پاراستنی بێ غەل و غەشبوونی ئیدئۆلۆژی لەژێر ناوی دیفاع لە «ئارمانی سۆسیالیزم»ی لێدەکەوێتەوە. لە حاڵێکدا ئەم بێ غەل و غەشبوون و پاڵاوتنە لە ئاکامی ئەم ململانێیەدا، لە دنیای ماددی خۆیدا هیچ کاریگەرییەک لەسەر پرسی ڕزگاری مرۆڤ لە زنجیری کۆیلایەتی دانانێت. ڕوانگەیەکی لەم چەشنە بەرامبەر بە پرسەکانی دونیای دەوروبەر، لەوانە بەرامبەر بە خەباتی چینایەتی، وەک بزوێنەری مێژوو، جێگیرە و لە ڕاستیدا نەک بە ئاراستەی گۆڕانکاری و گەشەسەندنی ئەم خەباتەی ئێستا، بەڵکوو بێ کاریگەر و لە پەراوێزی ئەو خەباتەدا دەمێنێتەوە.

چاوخشاندنێک بەسەر جێگە و پێگەی چەپ لە ئێران و لەوانە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم خەباتەدا، نموونەی ڕەوتێکی لەو چەشنەیە. کاتێک کە حیزب و ئارمانی حیزب و بەرنامە و ستراتێژی سەرچاوەگرتوو لەو ئارمانەی حیزب پیرۆز کران، ئەو گۆڕانەیان قبوڵ نەکرد (لەو ڕووەوە کە خەباتی چینایەتی بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندن دایە)، بە کردەوە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ڕەوتی گۆڕانکاری و گەشەکردندا. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم پەراوێزکەوتن و تێنەگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان پیرۆزییەکانی خۆیان لەگەڵ جیهانی ماددی، لەژێر ناوی دیفاع لە سۆسیالیزم و ئەو ڕێگایەی کە پێویستە سۆسیالیزم بیپێوێت، دەڕازێننەوە. هەر پرسیار و ڕەخنەیەک بە دژایەتی لەگەڵ ئەو پیرۆزیانە لێک دەدرێتەوە و بە شێوازی خۆیان، لەدژی دەوەستێتەوە مارکس و ئینگلس بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە وشیاری مرۆڤەکان وەسیلەی دۆخی ماددی ژیانیان دیاری دەکات. هەربۆیە لەسەر ئەو باوەڕە پێداگری دەکەن کە بیروباوەڕ و هزرەکان پرۆسەیەکی سەربەخۆ نین، بەڵکوو وەک پرۆسەیەکی لێک هەڵپێکراو و تاڕادەیەک دیاریکراو بە وەسیلەی چالاکییە دونیاییەکانی مرۆڤەکان لەبەرچاو دەگیرێن کە بەکۆمەڵ ئامرازەکانی بژێوی خۆیان بەرهەم دەهێنن. جگە لەوە، مارکس و ئینگلس لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لێکدانەوەیەکی لەو شێوەیە بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکان، کە خۆیان هۆکارن، بەڵام بەو پێیەی کە وەک هۆکار ئەژمار دەکرێن، لە یەک وشەدا دیاردەیەکی ئیدئۆلۆژیک و چەقبەستوون. لەمڕووەوە لە پشت دەستەواژەکانەوە بە بەرگێکی «پیرۆزیەت» دادەپۆشرێن کە بە کردەوە ڕێگری دەکەن لە گۆڕان و گەشەسەندنی مارکسیزم وەک زانستێک و هاوتەریب لەگەڵ جیهانی ماددیدا ڕوانگەیەکی لەمجۆرە کە باوەڕ و ئەندێشەکان بە دیاردەیەکی سەربەخۆ دەزانێت، لە ڕاستیدا بە سەرهەڵدانی دیاردەی دابەشکردنی کاری جەستەیی و کاری زێهنی هاتە ئاراوە. هەر لەم قۆناغەی مێژوودا بوو کە ئەوانەی سەرقاڵی کاری فکری بوون، ڕوویانکردە بەرهەمهێنانی ئەو باوەڕ و ئەندێشانەی کە بوونێکی سەربەخۆیان هەبوو و ئازاد بوون لە پرۆسە ماددیەکانی ژیان کە خاوەنی مێژوو و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆیان بوون. سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژی حوکمی پاراستن و هێشتنەوەی دۆخی ئێستای بوو، هەروەک چۆن لە سەردەمی ئێمەدا بەرجەستە کردنەوەی ئیدئۆلۆژی و حیزبی ئیدئۆلۆژی و شەڕی دەستەواژە و چەمکەکانی دوور لە واقیعە ماددیەکان، هەوڵێکە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی دۆخی ئێستا یان هەمان ئەو باوەڕ و ئەندێشە چەقبەستووانەی کە توانایی خۆگونجاندنیان لەگەڵ جیهانی ماددیدا نییە و هەربەم هۆیەشەوە گۆڕانکاری قبوڵ ناکات. « لەمە بەدواوەیە کە وشیاری دەتوانێت خۆی بەوە دڵخۆش بکات کە شتێکی جیاوازترە لە وشیاری کردەیی لەکارنراوی هەبوو. ئەوەی کە لە ڕاستیدا شتێک وێنا دەکات بەبێ ئەوەی کە شتێکی وێنا کردبێت. لەمەودوا وشیاری لە دۆخێکدایە کە خۆی لە کۆت و بەندەکانی جیهان ڕەها بکات و بەرەو شکڵپێدان و دروستکردنی بیردۆز (تیۆری)، فەلسەفە، ئەخلاق و ئیلاهیاتی بێ غەل و غەش هەنگاو بنێت.»» (ئیدئۆلۆژی ئاڵمانی) ئەم «گاڵتەجاڕە قێزەونانە» وەک ئەوەی مارکس و ئینگلس بەتووڕەییەوە بەکاری دەهێنن، نیشانەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژی بە مانای ئەو دوکتورینە تیۆرییانەی کە خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن نەک پێوەندیدار بەو جیهانە ماددییەی کە بەردەوام دەبێ لەسەر ڕێچکەی گۆڕان و گەشەسەن بێت. ئەوان خۆیان و حیزبەکەیان و بیروباوەڕ و سیاسەتەکانیان وەک «کرێکار و کۆمۆنیستی» دەناسێنن لە کاتێکدا کە وا نییە. ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی لەم بەڕێزانە بپرسین، تکایە کەمێکیش باس لە دەرئەنجامە پراکتیکی و کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی ئەم بیروباوەڕە و پەیوەندییان بەو خەباتەی ئێستاوە بکەن. دیفاعی پڕ جۆش و خرۆشی ئێوە لە سۆسیالیزم جێگای ستایشە، بەڵام تکایە پێمان بڵێن لە کوێی ئەم ڕێباز و خەباتەدا خۆتان دەبیننەوە؟ هەرچەندە هەوڵی مارکس و ئینگلس بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئیدئۆلۆژی لە ڕەخنەی هێگلە لاوەکانەوە دەستی پێکرد، بەڵام دوای ئەوە ڕۆڵێکی گشتیتری لە وەسفی ئەوان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پەیداکرد. ئەوان لە شێوازی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستیان پێکرد و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەکانیاندا دەریانخست کە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدار لە هەموو سەردەمێکدا بیروباوەڕی دەسەڵاتدارن. لەمڕووەوە ئیدئۆلۆژی، نەزمێکە لە بیروباوەڕ کە دەربڕ و نیشاندەری بەرژەوەندی چینی باڵادەستە، بەڵام نەزمێک کە پەیوەندییە چینایەتییەکان لە فۆرمێکی گوماناوی و ناواقیعیدا دەخاتەڕوو. ئیدئۆلۆژی، بەم مانایە، گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەست دەکات، کە لە هەموو قۆناغێکی مێژوویدا، پاوانخوازی و هۆگرییەکان و هاوڕایی ئارەزوومەندانەی گروپە باڵادەستە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و پاراستنی پێگەی باڵادەستی خۆیاندا لە ململانێدان و بە شێوازی جۆراوجۆر و هەندێکجاریش بە ناوی دیفاع لە سۆسیالیزم، تێیدا ڕەنگدەداتەوە. بەڵام نیشاندانی پەیوەندییە چینایەتییەکان لە فۆرمێکی وەهمیی و ناواقیعیدا لەلایەن ئیدئۆلۆژییەوە تا ئەو جێگایەیە کە ئەم بیر و باوەڕانە پێگەی ڕێژەیی چینە جێی مەبەستەکان بە دروستی نیشان نەدەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی ناردووست نیشان بدەن وەک ئەوەی کە گۆیا لەگەڵ بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکان سازگار و لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیشدا هاوئاهەنگە. ئەوەندەی لە نێو چەپەکاندا بە تایبەت بە «خەباتی ئیدئۆلۆژی» ناودەبرێت، بەبێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێ، بە بەرجەستە کردنەوەی دژبەیەکی ئەندێشەکان یان هەمان ئیدئۆلۆژییەکان بەدوور لە پەیوەندییان بە جیهانی ماددیەوە، ئەم خراپ نیشاندانانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەپۆشێت و بە لە پەراوێزدا مانەوەی خۆیان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ بوژانەوەی سەرلەنوێی چینە باڵادەستەکان لە شکڵ و فۆڕمێکی تردا مارکس بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغانەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی ململانێی نێوان هێزە باڵادەستە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییە هەبووەکانی بەرهەمهێناندا ڕوودەدات، بەمجۆرە لێکدانەوە بۆ ئەم دۆخە دەکات. «لە لێکۆڵینەوە لەمجۆرە گۆڕانکاریانەدا، پێویستە بەردەوام لە نێوان گۆڕانکاری ماددی بارودۆخی ئابووریی بەرهەمهێنان - کە بە هەمان وردبینی زانستە سروشتییەکان شیاوی پێوانە کردنە- و گۆڕانکاری یاسایی، سیاسی، ئایینی، هونەری یان فەلسەفی - بە کورتی» هەموو ئەو فۆرمە ئیدیۆلۆژییانەی کە مرۆڤە لە ڕێگەیانەوە ناکۆکییەکان دەناسێ و بۆ لەناوبردنیان نەبەرد دەکات، جیاوازی دابنرێت. نابێت ئەم قۆناغە لە گۆڕانکارییەکان بە پشتبەستن بە وشیارییەکەی قەزاوەت بکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەم وشیارییە پێویستە لەسەر بنەمای ناکۆکییەکانی ژیانی ماددی ڕوون بکرێتەوە. ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە ڕوانگەی هەبوو لە ئاکامی بە پیرۆزکردنەکانی خۆی، واتە بە بەرجەستە کردنەوەی وشیاری، ئەڵبەت نەک لەسەر بنەمای ناکۆکییە ماددییەکان، دروستی دەکات و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانەوە و بەردەوامبوونی هەژموونی بیروباوەڕی زاڵ (بێگومان بەشێوەی نەخوازراو) خۆش دەکات. لەمڕووەوە ئیدیعای سەربەخۆبوونی باوەڕ و ئەندێشەکان لەو جیهانە ماددییەی کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕانکاریدایە، هیچ بنەمایەکی نییە. گەشەی باوەڕ و ئەندێشەکان دەست دەبات بۆ «ڕاستییەکی ڕەها» پەروەردە تیۆری و چالاکیی و جێگە و پێگەی ئەمڕۆیان، هەروەک تا ئێستا دەستی بۆ بردووە. ئەو باوەڕە و ئەندێشانەی کە لەگەڵ جیهانی ڕوو لە ئاڵوگۆڕی دەوروبەریدا نەگونجێت و لەسەر ڕێبازی ڕزگاری مرۆڤ بەردەوام نەبێت. بەبێ ئەوەی بیهەوێ، ڕێگە خۆشدەکات بۆ مانەوەی نەزمی هەبوو بە ئاراستەی بەکۆیلەبوونی مرۆڤ و بەردەوامبوونی. مەبەست و خواستی دەروونیی خاوەنانی ئەو باوەڕ و ئەندێشانەی کە بەحەماسەتەوە دروشمی بژی سۆسیالیزم بەرزدەکەنەوە، جێگای ستایش و پێزانینە، بەڵام سۆسیالیزم تەنیا کاتێک زیندوو دەمێنێتەوە کە پەیوەندی بە جیهانی دەوروبەری خۆیەوە هەبێ و ڕێگا بۆ زیندوو مانەوەی خۆی وەک بەدیلێکی کۆمەڵایەتی و واقیعی لەبەرامبەر دۆزەخی سەرمایەداری و لە نێو هەموو ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگاریانەی ئێستادا، بکاتەوە. لەمڕووەوە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان ناتوانن و نابێ لە هەموو ئەو شتانەی کە وتراون و قبوڵکراون، تەنانەت لە مارکسیزمیش، باوەڕێکی ڕەها دروست بکەن و وەک شتێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو چاوی لێبکەن. ئەگەر مارکسیزم نەک وەک مەکتەبێکی فکری بەڵکوو وەک ڕێنوێنێک بۆ کردەیەکی کۆمەڵایەتی چینێکی دیاریکراو قبوڵبکرێت، لەو حاڵەتەدا لەوەی کە تەنیا وەک باوەڕێک بمێنێتەوە تێپەڕ دەبێت و دەبێتە زانست و بەو پێیەی کە زانستیش، دەبێتە ڕێنوێنی کرداری ئەمڕۆی چینێک بۆ ڕزگاریی. زانستێکی کە دەتوانێ کامڵ بکرێت و ئەمەش ئەرکی ڕێبواران و ئەو چینەیە کە وانەکانی ئەوی کردۆتە ڕێنوێنی چالاکییەکانی ئەمڕۆیان. بەم ڕوانگەیە چیتر بە تۆمەتی لادان لە حەقیقەتی ڕەها، بەر بە گومانکردن و پرسیار و ڕەخنەگرتن ناگیرێت و ڕێبازی دینامیکی سۆسیالیزمیش بۆ زیندوو مانەوە و کردەی کۆمەڵایەتی دژ بە بارودۆخی هەنووکەیی، مومکین دەبێت

***



# کرێکاران پێشەنگی بزووتنەوەی دژ بە شەڕ




لەگەڵ پەرەسەندنی جینۆساید لە غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەرتەشەکەیەوە، چین و توێژێکی زیاتر بە بزووتنەوەی دژە شەڕەوە پەیوەست بوون. لەم ناوەدا ڕۆڵی کرێکاران لەو بزووتنەوەیەدا تا دێت کاریگەرتر دەبێت. ڕۆژی دووشەممە ٦ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١٥ی خەزەڵوەر، کرێکارانی بارەندازی بەندەری بارسێلۆنا لە ئیسپانیا بەیاننامەیەکی فەرمییان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند کە خۆیان لە بارکردنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتە پشتیوانەکانیان بەدوور دەگرن. ئەوان داوایان لە هەموو کرێکارانی بەندەرەکانی ئیسپانیا کرد کە پێیانەوە پەیوەست بن بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ناچار بکەن کۆتایی بێنن بە جینۆساید و شەڕی فەلەستین لە غەززە و بە تایبەتی لە غەززە بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەیی وەڕێ بخەن. ئەو ئاکسیۆنە بوێرانەی کرێکارانی بەندەری بارسێلۆنا درێژەی تەقینەوەی توڕەیی و بێزارییەکە کە لە نێو کرێکارانی ئەورووپادا لە دژی کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەر دانیشتووانی غەززە، پێکهاتووە. لە بلژیک سەندیکاکانی کرێکارانی گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی لەگەڵ دوو سەندیکای دیکەی ئەو وڵاتە ڕۆژی ٣١ی ئۆکتۆبر لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند کە بارکردن و گواستنەوەی هەر جۆرە بارێکی چەک و چۆڵ بۆ ئیسرائیل ڕادەگرن و هەرچەشنە هاوکارییەکیان سەبارەت بە گواستنەوەی چەک بۆ ئیسرائیل بە هاوبەش بوون لە جینۆسایدی دانیشتوانی غەززە ناوبرد. ڕۆژی ٢ی نوامبر کرێکارانی یۆنان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئاتێن، دەستیاندایە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و داوایان لە بارەندازەکانی سەرتاسەری وڵات کرد کە خۆیان لە گواستنەوەی چەک و چۆڵی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ بۆ ئیسرائیل بپارێزن. ڕۆژی دووشەممە ٦ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١٥ی خەزەڵوەر، دانیشتوانی بەندەری تاکۆما لە ویلایەتی واشینگتۆنی ئەمریکا، بە دەربڕینی ناڕەزایەتی ڕێگەی ناردنی چەکیان بۆ ئیسرائیل بەست. ئەوان بۆ ماوەی ٧ کاتژمێر ڕێگرییان کرد لە بارکردنی هەرچەشنە کەرەستەیەکی سەربازی بۆ کەشتی ئێم ڤی کیپ ئۆرلاندۆ. ئەم کەشتییە کە بەرەو ئیسرائیل دەڕۆیشت، کاری بۆ وەزارەتی بەرگری دەکرد و پێشتریش کەرەستەی پێویستی بۆ دەستدرێژیکردنەسەر عێراق و ئەفغانستان و درێژەدان بە داگیرکاری ئەو دوو وڵاتەی دابین کردبوو

هەڵسووڕاوانی دژە شەڕ و لایەنگرانی خەڵکی فەلەستین سێ ڕۆژ بەر لەو ئاکسیۆنە، واتە لە ڕۆژی هەینییەوە هەزاران داواکارییان سەبارەت بە ڕاگرتنی ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل، ئاراستەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کردبوو، کە بێ وەڵام مابووەوە، هەربۆیە ناڕازییان ڕۆژی دووشەممە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەر لە خۆرهەڵاتن لە بەردەم کارخانەی زەبەلاحی چەکی «بۆینگ سەنت چارلز» بە چەندین ڕیزی دوور و درێژ لەسەر زەوی خەوتن و بە تەواویی ڕێڕەوی گواستنەوەی کەرەستە سەربازییەکانیان داخست. چالاکییەکە لەلایەن لقی خۆجێیی پارتە سۆسیالیستە دێموکراتیەکانی ئەمریکاوە ڕێکخرابوو. لە بەندەری ئۆکلاند لە ویلایەتی کالیفۆرنیاش، خۆپیشاندەران بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک یەکێک لە کەشتییە سەربازییەکانی هەڵگری چەکیان بۆ ئیسرائیل ڕاگرت. لە دانمارک، چالاکانی دژە شەڕ ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبر وەک ناڕەزایەتییەک دەرگای چوونە ژوورەوەی کارخانەی چەکی «تێرما»یان بەست. ئەوان خاوەنانی ئەو کارانەیان بە تێوەگلاون لە بازرگانییەکی خوێناویی تۆمەتبار کرد. ئەم کارخانەیە بەشێک لە کەل و پەلی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئێف ١٦ و ئێف ٣٥ی بە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل فرۆشتووە. خۆپیشاندەران و چالاکوانانی دژە شەڕ لە شاری بریستۆڵ لە بەریتانیا دەرگای چوونە ژوورەوەی دەفتەری ناوەندی کارخانەی بەرهەمهێنانی چەکی «ئێلبیت»یان داخست. ئەم کارخانەیە چەند پارچەیەکی فرۆکە بێفرۆکەوانەکانی ئیسرائیلی دابین کردووە. ئەو ئاکسیۆنانەی کە ئاماژەیان پێکرا، لە درێژەی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان لە لایەن مرۆڤدۆستان و چالاکانی دژە شەڕ لە شارە گەورەکانی جیهان لە دژی جینۆسایدی ئەرتەشی ئیسرائیل لە غەززە بەڕێوەچوون. چالاکیی دژ بە شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان لە سەرەتاکانی هێرشی حەماس بۆ سەر ناوچە داگیرکراوەکانی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبر و بڵاوبوونەوەی هەواڵی جینایەتەکانی حەماس لە دژی ئیسرائیلییەکان و میوانانی کۆنسێرتێکی مۆسیقا زۆر لاواز بوو. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی قوربانیانی فەلەستینی لە غەززە و کەرتی ڕۆژئاوا و هەروەها ئاشکرابوونی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل لە هاندانی حەماس بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە داگیرکراوەکانی ئیسرائیل، ئەم بزووتنەوەیە بەهێزتر بوو. ئێستا کە ژمارەی قوربانیانی دەستدرێژییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە گەیشتووەتە زیاتر لە دە هەزار کەس و لەو ڕێژەیە زیاتر لە ٤ هەزار کەسیان منداڵن، ئەم بزووتنەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندایە و فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا و بریتانیا، بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ناچار بکەن شەڕەکە بوەستێنێت. ئەگەرچی ئەوان ڕۆژی ٧ی نوامبر بڕیارنامەی ١٠ ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشیان سەبارەت بە ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ لە غەززە ویتۆ کرد، بەڵام جۆ بایدن، سەرۆککۆماری ئەمریکا بەهۆی ئەو فشارانەوە داوای لە دەوڵەتی ئیسرائیل کرد کە شەڕەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕابگرێت

لە ئێران بەداخەوە خەڵک پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە حەماسیان لەگەڵ خودی خەڵکی فەلەستین وەک یەک لەبەرچاو گرتووە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە کردەوەی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی و میلیشیاکانیان نەک هەر هیچ پەیوەندییەکیان بە دۆزی خەڵکی فەلەستینەوە نییە، بەڵکوو گەلێک زیانیشیان پێگەیاندووە. ئێستا کە وردە وردە خەریکە زیانەکانی دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بۆ کۆماری ئیسلامی تا دێت زیاتر دەردەکەوێت، لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە هەڵسووڕاوانی کرێکاری، چالاکانی مافی مرۆڤ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازی ئێران هان بدەن بۆ ئەوەی بەشداری بزووتنەوەی جیهانی دژە شەڕ بن و لە قافڵەی یەکێک لە گرنگترین بزووتنەوە نێونەتەوەییەکان جێ نەمێنن

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 437- Nov 2023

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# کۆتایی هێنان بە پارێزبەندی ئەنجامدەرانی جینایەت لە دژی ڕۆژنامەنوسان

ڕۆژی ٢ی نوامبر بەرابەر لەگەڵ ١١ی خەزەڵوەر، بەپێی ساڵنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی «کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی ئەنجامدەرانی جنایەت لە دژی ڕۆژنامەنووسان» بوو. مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە، دەربڕینی هاوسۆزییە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەوڵی خستنەڕووی ڕاستییەکان و پێدانی زانیاری دروست دەدەن، خاوەن سەرمایە و دەسەڵاتیش بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت ناچاریان بکەن کە بێدەنگ بن و خۆیان لە لێپێچینەوە و سزادان پارێزراو بن. هەزاران ڕۆژنامەنووس لە سەرانسەری جیهاندا تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەرکی پیشەیی خۆیان جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ کۆمەڵێک مەترسی وەک هەڕەشە و ئازار و ئەزیەت و تەنانەت مردنیش بەرەوڕوو دەبنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ڕابردوو تاوان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی میدیایی لە چاو دوو ساڵ پێشتر لانیکەم ٤٢٪ زیادی کردووە. بەشێوەیەکی مامناوەند هەر پێنج ڕۆژ جارێک ڕۆژنامەنووس یان وێنەگرێکی ڕۆژنامەوانی لە جیهاندا دەکوژرێت. ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە باشترین حاڵەتدا لە کۆی ١٠ ڕۆژنامەنووسی کوژراو، تەنیا یەکێکیان بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی ئەو پەروەندانەی لە دادگاکاندا بەدواداچوونیان بۆ کراوە و بووەتە هۆی دۆزینەوە یان ناسینی تاوانباران، لە ساڵی ٢٠١٣ەوە

تا ئێستا تەنیا ٢.٪ پێشکەوتن نیشان دەدات. بە وتەی یونسکۆ لە باشترین حاڵەتدا، تەنها ٦.٪ی جینایەتەکانی دژی ڕۆژنامەنووسان لە دادگاکان تا قۆناغەکانی کۆتایی و دادگاییکردنی تاوانباران بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت. زۆربەی ئەو مەترسی و ئەزیەت و ئازار و هەڕەشانە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتە سەرمایەدارەکان یان حکومەتە بە ئاشکرا جینایەتکار و سەرەڕۆکانی وەک کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دەدرێن.



بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور، لە کاتی هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئیسلامییەوە تا ساڵی ٢٠١٨ لانیکەم ٨٦٠ ڕۆژنامەنووس لە ئێران زیندانی کراون. هەروەها زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە تاراوگە بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە بەر هەڕەشە و تەنانەت هەندێکیان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە. هەڕەشەکردن و ئەزیەت و ئازاری بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسانیش جۆرێکی دیکەیە لە توندوتیژیی لەلایەن کۆماری ئیسلامی کە تا هاتووە زیاتر پەرەی سەندووە. بۆ نموونە لە سەردەمی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا فشار لەسەر ڕۆژنامەنووسان و بنەماڵەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر توندتر بۆوە و شەپۆلی دەستبەسەرکردن، چەند هێندە زیادی کرد. بە پێی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی جیهانی ڕۆژنامەنووسان، لە ماوەی یەک مانگدا لانیکەم ٢٥ ڕۆژنامەنووس لە ئێران دەستبەسەر کراون. کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان سەرجەم

ناوی ٥١ ڕۆژنامەنووسی زیندانیکراوی لە ئێران بڵاو کردەوە کە لە کاتی نارەزایەتییە شۆڕشگێڕانەکانی ئەم دواییەدا دەستبەسەر کراون و نووسیویەتی لەو ژمارەیە ١٤ کەسیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٣٧ کەسی دیکەش تا ئێستا دەستبەسەرن نموونەیەکی دڵتەزێنی زیندانیکردن و هەوڵدان بەمەبەستی بەچۆکدا هێنانی ڕۆژنامەنووسان، لە دەستگیرکردن و سزادانی نیلوفەر حەمیدی پەیامنێری ڕۆژنامەی «شەرق» و ئیلاهە محەممەدی پەیامنێری ڕۆژنامەی «هەم مەیهەن»دا بەرچاو کەوت کە بەشێوەیەکی گشتی سزای ٢٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێندرا و ١٥ ساڵی جێبەجێ دەکرێت. ئەم دوو پەیامنێرە بوێرە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی کوژرانی ژینا ئەمینی لە نەخۆشخانەی کەسرا و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی لە شاری سەقز، کوشتنی ناوبراویان بە دەستی حکومەت ئاشکرا کرد و ڕۆڵیان هەبوو لە دەستپێکی شۆڕشی ژینادا. ئەوان بە بێ گرنگیدان بەهەوڵ و ڕێوشوێنەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕایانگەیاند کە شانازی بەو کارەوە دەکەن کە کردوویانە. گرتنەبەری ڕێوشوێنی قەزایی و لێپێچینەوە لە ڕۆژنامەنووسانی نارازی، کە لە ئاستێکی بەربڵاودا کەوتووەتە بەر ڕەخنە، لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە زۆر وبەرچاوە، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕژیمە بە زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناو و ناوبانگی دەرکردووە و خودی ڕژیم لە نێو ١٨٠ وڵاتدا لە پلەی ١٧٨هەمیندایە بەڵام ئەزیەت و ئازاری پەیامنێران و ڕۆژنامەنووسان تەنیا بە زیندانیکردن کۆتایی نایەت. کاربەدەستانی ئیدارەی ئیتلاعات و دەزگا هەواڵگرییە هاوتەریبەکان بەردەوام هەڵسووڕاوانی نارازی بوارەکانی ڕاگەیاندن و بنەماڵەکانیان خستووەتە ژێر گوشار و هەموو جۆرە هەڕەشەیەک. ئەم ئەزیەت و ئازارانە بۆ ژنانی پەیامنێر

گەلێک سەختترە، لەبەر ئەوەی ئەوان لە شوێنی کارەکانیشیاندا لە لایەن دارودەستەی ڕێژیمەوە ئەمنییەت و ئاسایشیان نییە. ئاکامی توێژینەوەکانی مانگنامەی پەیوەندییەکان دەریدەخات کە نزیکەی ٩٠.٪ی ڕۆژنامەنووسانی ژن لانیکەم جارێک لە شوێنی کارەکانیان تووشی ئازاردانی جنسی بوون. ڕێژەیەکی بەرچاو لە پێشێلکارییەکان لەلایەن ئەو بەناو بەرپرسانەی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێن کە خۆیان بە بەسیج و پەیڕەوی ئیسلام ناودەبەن. بەشێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ئیدیعایەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستە کە دەڵێت «ڕۆژنامەگەری یەکێکە لە پیشە هەرە مەترسیدارەکانی جیهان». بەڵام پێویستە تێبینییەکی پێ زیاد بکرێت: ڕۆژنامەگەری بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی سەرمایەداری و بەهێزبوونی بەرەی ڕاستی توندڕەو و شەڕخوازییەکانی، بووەتە پیشەیەکی مەترسیدار. کارەساتبارترین نموونەی ئەوە لە شەڕی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین و بەتایبەت لە غەززە، دەبینین. ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی ئۆکتۆبەر بەرابەر لەگەڵ ١٠ی خەزەڵوەر ڕایگەیاند کە تا ئێستا ٣٤ ڕۆژنامەنووس لە کاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە کوژراون. لە ئاوا هەلومەرجێکدا ناکرێت چاوەڕوانی باشتربوونی دۆخەکە و لێپرسینەوە و دادگاییکردنی جینایەتکاران لەم پێوەندییە ڕواڵەتی و فۆرمالیتەیە بکرێت، بەڵکوو باشتربوونی دۆخەکە و لێپرسینەوە لە تاوانباران تەنیا بە خەبات و تێکۆشان لەدژی هۆکار و سەرچاوەکانی ئەو نەهامەتیانە و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی جەماوەری مسۆگەر دەبێت

---

دواستون

## پەرەسەندنی ڕەنج و نەهامەتی ئەفغانییەکان لە ئێران و پاکستان

دەوڵەتی پاکستان ئۆپەراسیۆنی گەڕانەوەی زۆرەملێی پەنابەرانی ئەفغانستانی بۆ وڵاتەکەیانی بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ و نامرۆڤانە و لە ئاستێکی بەربڵاودا دەستیپێکردووە. ئەم ئۆپەراسیۆنە هاوکاتە لەگەڵ وێرانکردنی ماڵ و شوێنی کار و کاسبی و تەبلیغاتی ژەهراوی بەمەبەستی هاندانی خەڵکی پاکستان لەدژی پەنابەران. هەرئێستا دەیان هەزار پەنابەری ئەفغانستانی لە کەشوهەوایەکی سارددا لەودیوی سنوورەکان سەرگەردانن و مەترسی نەخۆشکەوتن و گیان لەدەستدان هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر منداڵانی ورد و کەم تەمەن. دەوڵەتی پاکستان لە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبەرەوە مۆڵەتی دیاریکرد بۆ یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کۆچبەر و پەنابەری ئەفغانستانی کە تا سەرەتای مانگی نوامبر ئەو وڵاتە جێبهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ ئەفغانستان. ئێستا کە ئەم وادەیە تەواو بووە، مەئموورەکانی دەوڵەت دەستیانکردووە بە ڕووخاندنی ماڵ و شوێنی کار و نیشتەجێبوونی ئەو ئاوارانە و بە زۆر لەو وڵاتە دەریان

د ه کە ن

جێگای ئاماژەیە کە زیاتر لە ٤ ملیۆن پەنابەری ژن و پیاوی ئەفغانی لە پاکستان بوونیان هەیە کە زۆربەیان کرێکارن و دەیان ساڵە بە بێ مافی و بە حەقدەستێکی کەم کاریان لێدەکێشن. بەر لە هێرشەکەی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، گوشارەکان بۆسەر ئەفغانییەکانی دانیشتووی ئێرانیش لە لایەن حکوومەتەوە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە زیادی کردبوو. کاربەدەستان باسیان لە زیانباربوونی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئێران دەکرد و وەک کێشەیەکی ئەمنییەتی ناویان دەبردن و تۆمەتی نارەوا و بێ بنەمایان دەخستە پاڵیان، تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت بە هەڵگری نەخۆشی مەترسیدار لەقەڵەم دران.. بەرپرسانی

ڕژیم بە درۆ و دەلەسە و شێواندن و بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکان، ئەو پەنابەرانەیان وەک هۆکاری سەرەکی گرفتی ئابووری و بێکاری و تەنانەت هۆکاری کەمبوونی نان و ئاردیش نیشان دەدا. بەڵام لەم ڕۆژانەدا شەپۆلی ئەم تەبلیغاتە ژەهراوییانە تا ڕادەیەک کەم بووەتەو

با بزانین هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکییە لە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە پەنابەرانی

ئەفغانستان چییە؟ ئاژانسی هەواڵی فارسی سەر بە سپای پاسداران ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەر هەڵمەتی ناردنی بەناو خۆبەخشانی دەرەکی لە ئێرانەوە بۆ غەززە دەستپێکرد. مەبەستی ئەم ئاژانسە هەواڵییە، ئەو خۆبەخشانەن کە زۆربەیان بریتین لەو پەنابەرە ئەفغانیانەی کە بەهۆی بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، بەناچاری پەیوەست دەبن بە سپایەکەوە بە ناوی فاتمیون بۆ ئەوەی داهاتێک بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان بەدەست بهێنن و لەو ڕێگایەشەوە بتوانن ئیقامە یان مافی نیشتەجێبوون وەربگرن. لە ساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەم ئەفغانیانە لە ژێر ناوی بەرگریکارانی «حەرەم»دا دوای ڕاهێنانێکی کورت، ڕەوانەی سوریە کران و کوژراون. ئێستا کە شەڕ لە سوریە تا ڕادەیەکی زۆر کەم بووەتەوە، بەرپرسانی ڕژیم و سپای قودس دەیانهەوێت لەشکری فاتمیون وەک هێزێکی بە وەکالەت لە دژی ئیسرائیل لە سوریە بەهێز بکەن. نابێ ڕێگا بدرێت ئەم ڕژیمە قەیران لێدراو و سەرچاوەی قەیرانە، لەوە زیاتر لە بێکاری و بێ مافی ئەو لاوە پەنابەرانەی ئەفغانستان لە ئێران وەک دەرفەتێک کەڵک وەربگرێ و لە ڕیزەکانی لەشکری فاتمیون دا و لەپێناو

بەرەوپێشبردنی سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆیدا بەکوشتیان بدات